# کام کۆمۆنیزم؟



**دیمانەی پیتەر ئێنلمان لەگەڵ «ئالان بادیۆ»**

**و. لە فەڕەنسییەوە: فازڵ مەحمود**

**پیتەر ئێنلمان : فەلسەفەکەی تۆ یەك بابەت لە سوبێکتی جیاواز دەخاتەڕوو، ئەویش [سوبێکت] لە کۆمەڵگەی سەرمایەدارییدا، کە لە شێوەی مەسرەفکەرێك یان کێبڕکێکەرێکی ئابوری کورتکراوەتەوە. چەمکی سوبێکت لە فەلسەفەدا مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە ، هەروەها لە فەرەنساش کە تیۆری «مەرگی سوبێکت» بوونی هەیە، ئەوەی بۆ من سەرنجڕاکێشە قەتیسبوونی چەمکی سوبێکتە لەنێو دەقە فەلسەفییەکاندا لە ساڵانی 1960 بۆ 1970.**

**بادیۆ:** دەمەوێت لەسەر ئەم خاڵە دوو تێبینی بخەمەڕوو. سەرەتا گەورەترین کاریگەریی فەلسەفی لەسەر من سارتەر بوو لە ساڵانی 1950دا، لە ماوەی سەرەتاکانی خوێندنی فەلسەفییمدا سەرنجی ئەوەم دا کە کاتیگۆریی «سوبێکت» زۆر گرنگە و هەر ئەم کاتیگۆرییە بوو کە بە تایبەت لەژێر فۆرمی ئاگایی ئازاددا سارتەر پەرەی پێدا. هەر بۆیە وەکو بەرەنجامێك دەتوانم بڵێم من لە فەلسەفەیەك دەرچووم و دەرکەوتم کە هەژموونەکەی تیۆری سوبێکت بوو لەگەڵ زمانێکی فینۆمنیۆلۆژییدا. واتە سوبێکت بە واتا سارتەرییەکەی، هاوکات بە واتا مێرلۆپۆنتییەکەی و دواجار هۆسرێلییەکەی. لە ماوەی ساڵانی پەنجا، کاتێك هاتمە قوتابخانەی باڵای ئیکۆڵ نۆرماڵ سوپەریۆر، و لەوێدا ئاڵتۆسێرم بینی، لەو دەمەی کە کتێبە یەکەمەکانی دێریدام کەشفکرد، هەروەها تێز و فێرکارییەکانی لاکان، هاتمە نێو ئەو شتەی کە پێی دەوترێت بونیادگەری (ستراکچرالیزم)، واتە فەلسەفەیەك کە سوبێکت تێیدا پرۆبلەماتیکە. لای ئاڵتۆسێر، سوبێکت چەمکێکی ئایدۆلۆژییە، چەمکێکی بۆرژوازی. بۆ لیڤی شتراوس و نەریتی بونیادگەری، واتە ئەو بونیادانەی کە لە سەر نەریتی هایدگەرین، سوبێکت چەمکێکە میتافیزیك زیندوودەکاتەوە، ئەو شتەی کە دەبێت هەڵبوەشێنرێتەوە. بەدڵنیاییەوە من بەر هەموو ئەمانە کەوتم، بەڵام نەك بە واتای بەرەنگارییەکی سەرەتایی، کە سەرچاوەیەکی فەلسەفیی هەیە لە تێز و فێرکارییەکانی سارتەر و فینۆمینۆلۆژیای مەزنی ئەو سەردەمە، هەروەها ڕەگ و ڕیشەیەکی زۆر کەسی و زۆر پراکتیکیشی هەیە، هەستم بەوە نەدەکرد چۆن دەتوانرێت کاتیگۆری سوبێکت بۆ سیاسەت چاوپۆشیی لێ بکرێت.

**ـ چۆن ناتوانین چاوپۆشیی لە سوبێکت بکەین لە سیاسەتدا؟**

**بادیۆ:** ئەگەر من سیاسەتم بە بیرهێناوەیە لەبەر ئەوەیە زۆر بەڕوونی ئەوە بەدیدەکەم کە سیاسەت پرسێکی ڕێنوێنیکەر، هەنگاونان، بڕیاردان، و پرەنسیپە، پرسێك کە سوبێکت پەیوەست بە ڕەهەندێکی سوبێکتیڤ دەکات. هاوکات تێگەیشتم کە هەوڵی کورتکردنەوەی سیاسەت -و مارکسیزمـ لە کۆنتێکستی تەواو ئۆبێکتیڤ و تەواو بونیادی، بەبێ بوونی فیگەری سوبێکت، ئەنجامەکەی هیچ شتێکی لێ ناکەوێتەوە لە جۆرێك ئابوریی پەتی نەبێت، کە لە ناوەوەدا ئێمە بەڕاستی نازانین کە ئەوەی ئەکتی سیاسی بە واتای ڕاستەقینەی وشەکە دەیلێت، وەکو سیاسەتێکی بڕیاردراو، ئازاد و درووستکەرە. بەدڵنیاییەوە هەر بۆیە لەگەڵ هاوڕێکانمدا لەو سەردەمەدا هاتمە نێو بونیادگەری، بێ وازهێنان لەو ئایدیایەی کە دەکرێت تیۆرەکانی بونیادگەری/ یان هەڵوەشانەوەگەرایی هاوتەریب بکرێت لە ئاستی چەمکی سوبێکتدا. هەربۆیە دواجار ئەوەم بۆ دەرکەوت دۆکترینێك کە ئەو سەردەمە بۆ من گرنگ بێت ئەوەی لاکانە، لە ئاستێکدا کە لاکان لەوێدا لەو لایەنەوە گرنگییەکی بەرچاوی لە بونیادەکان لەخۆگرتووە، بەتایبەت لە بونیادی زماندا ـ نەستیش بونیادێکە وەکو زمان ـ بەڵام لە لایەکی ترەوە، لە نەوەی دەروونشیکارییدا ، کاتیگۆریی سوبێکت، پێداگریی لە سەرکراوە. نەك ئەوەش کە ئەم کاتیگۆرییە پێداگریی لەسەر کراوە، بەڵکو تەنانەت گۆڕاوە بۆ چەند شتێکی بە تەواوەتی سەنتراڵ. هەر بۆیە من سەرنجی ئەوەم دابوو کە ئەم دۆکترینە وەکو هەلێك بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەك، کە قبوڵی ژمارەیەکی زۆر دۆکترینی تر دەکات لە مۆدێرنەی سەفسەتەبازی. لە ئێستادا کاتیگۆریی سوبێکت، نرخێکی سرووشتیی هەیە لە گۆڕانێکی گرنگدا. لە ڕاستییەکەی وا دەزانم ئەم پرۆگرامە تا ئەمڕۆ بۆ ئێمە ماوەتەوە.

**ـ ماوەیەکی زۆرە پرسیاری ئەوە لە خۆم دەکەم کە تۆ چۆن پێگەی خۆت لە نێو ئەم کۆنتێکستەدا پێناسە دەکەیت. تۆ وتت بە تایبەت لە سەر هێڵی سیاسەت، ناتوانین بێ چەمکی سوبێکت هیچ هەنگاوێك بنێین، بەڵام من دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ فەلسەفە، تۆ ئاماژەت بەو فەیلەسوفانە کرد کە ڕەخنەیان بۆ چەمکی سوبێکت دەستەبەر کردبوو، بەڵام تۆ بە سەر ئەمەدا یەکسەر تێپەڕیت بێ ئەوەی بیگوازیتەوە بۆ بواری سیاسەت.**

**بادیۆ:** نەخێر، من تەنیا فەلسەفەم وەك نمونەیەك لە بوار و گۆڕەپانی ئەفراندن و چالاكییدا خستەڕوو، لەو شوێنەدا كە هەموو كێشەكان بە تایبەت بریتییە لە دروستكردنی سوبێكت.

**ـ كەواتە ئایا تۆ هاوڕایت لەگەڵ ئەوەی كە ئێمە لەنێو هەموو بوار و كایەكاندا پێویستییمان بە چەمكی سوبێكت هەیە؟**

**بادیۆ:** بەڵێ، بەڵام لە هەلومەرجی سووڕانەوەدا، چونكە لای من چەمكی سوبێكت بە توندی گرێدراوە بە دوو چەمكی ترەوە: ئەویش ڕووداو و حەقیقەتە. سوبێكت بەردەوام سوبێكتی حەقیقەتە. چونكە سوبیكت لەنێو پرۆسەیەكی یاسایی دروستكردنی حەقیقەتدایە. ئەگەر من ڕەخنە لە چەمكی میتافیزیكیی سوبێكت دەگرم، لە بەر ئەوە بووە كە وتومە سوبێكت ئەفراندنە، دروستكردنە، پێدراو نییە. ئەوەی پێدراوە لەنێو فیگۆری تاكدایە. بەڵام بۆ من 'تاك' یان 'سوبێكت' یەك شت نین، بە پێچەوانەوە، هەردوو چەمكەكە لە جیاوازییەكی گرنگدان، تەنانەت ئەگەر تاكەكان بەردەوام بانگهێشت بكرێن بۆ بوون بە سوبێكت یان چوونە نێو سوبێكت. بەڵام ئەمە بەدرووستی بانگهێشتنامەیەكە، نەك جوولە و بزاوتێكی سرووشتی و جێگیر. ئەم بانگهێشتەش لەژێر ناوی پرۆسەی ***ڕیاڵ*** جێگیردەبێت، كە دەتوانێت سیاسی بێت، بەڵام نەك بەشێوەیەكی ناچاری. دەتوانێت ببێت بە پرۆسەیەكی سیاسی، پرۆسەیەكی هونەری یان پرۆسەیەكی عاشقانە. بە هەموو بارەكاندا پرۆسەیەكی سوبێكتیڤ بوونی هەیە.

**ـ كەواتە تۆ هاوڕایت لەگەڵ ئەوەی بوترێت كە ڕەخنەی لە چەمكی سوبێكت پاساودراوە، بەڵام لە هەمانكاتدا ڕەخنە لە تاك مومكین نییە، پاشان تاك پێدراوە؟**

**بادیۆ:** بەدڵنیاییەوە.

**ـ ئەم شتە زۆر بە گرنگ دەبینم، چونكە ئەم شتە دەرفەتی چارەسەركردنی هەندێك كێشەی هەڵوەشاندنەوە دەدات.**

**بادیۆ:** وا دەزانم لەنێو ڕەخنە لە چەمكی سوبێكتدا، گرنگی لەوەدایە بەباشی ئەوە ببینین كە ئەم چەمكە دروستكردنێكی فەلسەفیی تایبەت دەكاتە ئامانج، كە مێژوویەكی هەیە. ئەو ئایدیایە قبوڵدەكەم كە ئەم

چەمکە، ئەوەی وا لە دیکارتەوە بەدیی دەکەین تاوەکو سارتەر، لە چەند سەرنجێکدا درووستکراوێکی میتافیزیکییە. کاتێك من دەڵێم سەرلەنوێ کاتیگۆریی سوبێکت دەگرمەوەدەست، ئەوا لە کۆنتێکستێکی تەواو جیاوازدایە کە ئەم ئیشە دەکەم. بە شێوەیەکی سرووشتی من هاوڕام لەگەڵ ئەوەی بڵێم کە لەم نەریتی میتافیزیکییەدا چەند فەزایەکی تێهەڵکێش هەیە لەنێوان تاك و سوبێکتدا. ئەگەر بۆ نمونە سوبێکتێك لە کۆجیتۆیەکی دیکارتی وەرگرین، ئەوا بە واتای درووستکردن دێت، درووستکراوێك، کە لە ناواخندا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونێکی فەردی. تەنانەت ئەگەر ئاگایی سارتەری ئاگاییەکی تاکەکەسییانەش بێت. سارتەریش تاك لە ڕێگای فیگەرە سوبێکتیڤەکەیەوە دەستنیشاندەکات، واتە لە ڕێگای فیگەری ئاگاییەوە. ئەوەی کە من لە هەڵوەشاندنەوەی کاتیگۆریی میتافیزیکیی سوبێکت دەیهێڵمەوە، ئەوەیە دەبێت ئەم درووستکردنە جیهانییە تێکبشکێنرێت، کە سوبێکتی لە سەر تاك گرێداوە. لە لایەکەوە دروستکراوێکی سوبێکتیڤمان دەبێت کە گرێدراوە بە پرۆسە یاساییەکانی حەقیقەتەوە، لە لایەکی ترەوە، کە بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر کورتناکرێتەوە، تاکە، کە من هەندێ جار بە 'ئاژەڵی مرۆیی' ناوی دەبەم، ئەویش، پێدراوێکە کە من بە شێوەیەکی خۆویستانەو سرووشتیی پێی دەڵێم هەر شتێك و کەسێك بێت. تاکەکان لە نێو فیگەری جیهانییدا بوونیان هەیە، بەڵام نەك لە بەر ئەوەی دەبێت ئەوان وەك سوبێکت دەستنیشانبکرێن.

**ـ ئەگەر باش تێگەیشتبم، دواتێبینیت ئەوە پیشان دەدات کە تاك، وەکو تاکێکی هەبوو، هەڵوەشاندنەوە نییە، بەڵام هەروەها دەزانرێت بۆ نمونە، هیگڵ فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح بە ئەرگۆمێنتێك دەست پێ دەکات، کە لێرەو لەم کاتەدا لە دەرەوەی زماندا بوونی نییە. ئەویش ڕێك لەڕێگەی بارودۆخێکی هاوبەرانبەر کە سیستمە میتافیزیکییەی درووستدەکات. سیستەمی هیگڵی بەشێك لە پرنسەپێکە کە پێدراو یەکسەر پێداروێکی زمانە. هیگڵ دانی بەوەدا ناوە کە لێرەو لەئێستادا ئێمە تەنیا لەنێو و لەڕێگەی زماندا بەردەستین و هەروەها ئەو جیهانە سەرلەنوێ لە نێو سیستەمی زانستی فەلسەفییدا درووستدەکاتەوە. هەربۆیە پێدراو کارەکتەرە لەناکاوەکانی خۆیان یەکسەر لەدەستدەدات. بە شێوەیەك کە چیتر تاك ئەو تاکە هەستپێکراو و داواکراوە نییە، بەڵکوو تاك بەردەوام نەزمێکی زمانەوانییە. ئەم شتە کێشەیەکی ڕاستەقینەی بۆ دیسکۆرسی فەلسەفی خستووەتەڕوو، هەروەها لە نواندنەوەی "ڕاستەقینەکان" بۆ بەرژەوەندیی**

**"ڕاستەقینە"ی تاکەکان. منیش بەردەوام بە شێوەیەکی غەریزی بۆ دەرچوون لە هەژموونی تاك بەرگرییم کردووە، یان بەو شێوەیەی کە ئەمڕۆ دەوترێت، یان پێداگریی لە سەر واقعێك کە تاکگەراییەك بوونی هەیە نەك هەڵوەشاندنەوە و حاشاهەڵنەگری و لەو ڕەخنەیەی من لە سەر هیگڵ، من لایەنی تاکم دژ بەم هەژموونە لە لایەن پرۆسەی زمانەوە. لەکاتێکدا هاوکات ڕەخنەیەك بەدیدەکەم کە وامان لێ دەکات. ڕاستییەکەی، چۆن بەرانبەر ڕەخنەی هیگڵی، دەتوانین بەرانبەر بە لەناکاوبوونی تاك پێداگری بکەین؟ ئەم شتە بۆ بەرەنگاریی فەلسەفی چ مانایەك لەخۆدەگرێت؟ ئایا ئەرگۆمێنتێکی فەلسەفی بوونی هەیە کە بتوانرێت بەرانبەر بەم بەرەنگارییە دابنرێت؟**

**بادیۆ:** من لەگەڵ ئەم بەرەنگارییە سەرەتاییەی تاك بەرانبەر هەڵوەشاندنەوە هاوڕام، لە هەلومەرجێکدا کە بەجاریك لەوە تێبگەین ئەم تاکە جگە لە "بوونێك" هیچ شتێکی تر نیە. "بوونێك"ی مرۆیی بوونی هەیە هاوشێوەی بوونی ئاژەڵی، هیچ شتێکی تر بوونی نییە. هەربۆیە ئەوە لەلایەن ئەوەوە کورتناکرێتەوە، بەڵام ئەم شتە هیچ بەهایەکی تایبەت نابەخشێت بە ئەو جگە لە بەهای **بوونی** نەبێت. بە واتایەکی تر، من هاوڕام لە گەڵ ئەم کورتنەکراوەییەی تاك، لە هەلومەرجێکدا بەهای تاك بە سەر بەهای سوبێکتی میتافیزیکییدا نەسەپێنرێت وەکو ئەوەی هەردووکیان لە سەر یەك هێڵ بوون. بۆ نمونە من هاوڕای ڕەخنەکەی کیرکەگارد نیم لەسەر هیگڵ. هاوڕام لەگەڵ کیرکەگارد کاتێك دەڵێت بوونی تاك بۆ دواجار کورتناکرێتەوە، بەڵام نەك ئەوەی ئامادەکردنی، بە هەمانشێوە ئەمە بابەتێکە لای ئەو، ئەویش پیرۆزاندنی تاکە لەنێو فیگەرێك کە دواجار ئاینییە. بەواتایەکی تر، ژیانی مرۆڤ هیچ شتێکی تر نییە، لەنێو کورتنەکراوەییەکەیدا، کە ژیانی ئاژەڵی مرۆیی بە هەمانشێوەی ئەو. دەتوانرا بوترێت کە کورتنەکراوەیی جەستەیەك، کورتکراوەیی جەستەیەکی زیندوو، چونکە بەدڵنیاییەوە جەستەیەکی زیندوو قابیلی کورتکردنەوە نییە، هەروەها هەڵناوەشێنرێتەوە.

**ـ بێگومان، ناتوانرێت کورتنەکراوەیی تاك دەستنیشانبکرێت و پاشان بەهایەکی پێ بەخشرێت.**

**بادیۆ:** ئەمە هەموو خاڵەکەیە. هەر بۆ ئەمە بوو کە من دەموت ستراتیژی کیرکەگارد، هەڵوەشاندنەوەیەکی سیستەماتیکیی هیگڵییە لەپێناو ئاشکراکردنێکی کتوپڕی کورتنەکراوەیی سوبێکتیڤی تاك، بەڵام بۆ دواجار، لەنێو کۆنتێکستێکی تیۆلۆژی، کۆنتێکستێکی ئاینییدا.

بۆ من هیچ شتێك لەنێو تاكدا بوونی نییە جگە لە ئاژەڵێكی هەبوو، پرەنسیپی ژیان. ژیان بریتییە لە تاكێتیی بوون، ژیان بە جارێك خۆی لەنێو چوارچێوەی فەزایەكی تاكدا دەخاتەڕوو، لەو لایەنەشەوە، ئەمە قابیلی هەڵوەشاندنەوە نییە. بەڵام ئەمە هیچ بەهایەكی پێ نابەخشێت جگە لە بوونێكی ڕووت نەبێت. پاشان، پرسی زانینی ئەوەی كام بەهای بوونی ڕووت واتای خۆی وەرناگرێت لە گۆشەنیگایەكی حەقیقەتی سوبێكتیڤیتەوە نەبێت.

**ـ كەواتە ناچارنین تاوەكو بگەڕێینەوە بۆ پێشنیارێكی تر لە كاتێكدا دەویسترا چەند بەهایەكی تر بخرێتە سەر ئەم تاكگەراییە هەبووە؟**

**بادیۆ:** ئەمە ڕێك ئەو شتە نییە، ئەمە گۆشەنیگای دەركەوتنێكی مومكینی كاتێگۆریی سوبێكت نییە كە پرسەكە هەمان بەهای تاك بخاتەڕوو. چونكە تاك، لەنێو خۆیدا، هیچ بەهایەكی تر دروستناكات لە بەرگریی ژیانی نەبێت. «بەرگریكردن لە نێو بووندا» بە هەمانشێوە كە سپینۆزا دەیڵێت.

**ـ كەواتە، سوبێكت میدیۆمێكە كە لەوێدا بیر لە هەموو بەهاكان كراوەتەوە؟**

**بادیۆ:** هەموو بەهابەخشینەكان شوێنێكیان لە نێو سوبێكتدا هەیە، بە دڵنیاییەوە. بەڵام ئەمە لەگەڵ ئەو واقیعەدا تێكەڵناكرێت كە خودی تاك تێكەڵیان دەكات، لەڕێگەی تەنیا سەرچاوەیەكییەوە، بە هەمانشێوە لای هیگڵ، پرۆسەیەك كە بۆ دواجار دەگاتە موتڵەق. ئەگەر هیچ شتێكی تریش نەبێت جگە لە بەرگرییەكی ژیاری، تاك هیچ فەزایەكی بەهابەخشین درووستناكات و ئەو پەیوەست نییە بە هیچ پرۆسەیەكی سوبێكتیڤ. دەبێت شتی تر هەبێت، كە من ناوم لێناوە ڕووداو.

**ـ لای هیگڵ، دەستپێكی فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح، چەند شتێكە كە دەبێت خۆت ڕزگار بكەیت.**

**بادیۆ:** چونكە لای هیگڵ، پرۆژەیەكی نێگەتیڤ بوونی هەیە، تاكگەرایی، لە هەمانكاتدا ئیشكردنە لەسەر ناوەوەی نێگەتیڤیتە، هەوڵێك بۆ زاڵبوون بە سەریدا.

**ـ بەڵام ئەم ڕێك سوبێکتیڤیتێیە نەك تاکگەرایی...**

**بادیۆ:** بەو جۆرەی کە هیگڵیش دەیڵێت، موتڵەق هەر لە سەرەتاوە لە ئێمەوە نزیکە. سوبێکتیڤیتە لەنێو تاکگەراییە. ئیشێکی نێگەتیڤ پێشتر بوونی هەیە، کە موتڵەق دەخاتە نێو فیگەرە بەدوایەکداهاتووەکانی ئاگایی، چونکە موتڵەق ئیشێکە لە نێو تاکگەراییدا. ئەمە هەموو کێشەکەیە.

**ـ بەڵام من پێم وایە کە هیچ موتڵەقێك لەنێو تاکگەراییدا ئیشناکات.**

**بادیۆ:** ئەمەش هەڵوێستی منە. ئەم شتەیە کە کێشەیەك لای هیگڵ بەدیدەکەم.

تاك لە لایەن موتڵەقەوە بەرەڵادەکرێت، ئەمەیە شتەکە. من کاتیگۆریی موتڵەق بەکاردەبەم بەڵام لە ئاستێکی تردا، ئەوەی کە حەقیقەتەکان لەم یان لەو سوبێکتدا بە توانایە، ئەو هەقیقەتانەی کە فیگەری سوبێکتیڤ درووستدەکەن و دەتوانێت ڕووبدات، ئیمکانێکە، دەتوانێت بوونی موتڵەقەکان بە چەند مانایەك هەبێت، چونکە ئەم موتڵەقانە جیهانیین و پەیوەندییان بە کۆنتێکستی درووستکردنیانەوە نییە. سەرنجی ئەوەش دەدەم کە قسەکردن لە سەر حەقیقەت بەبێ باسکردنی موتڵەق، بریتییە لە هیچنەوتن. ئەگەر حەقیقەتەکان پەیوەندیدارن، ئەوا لەڕاستییدا لە بیروڕاکان جیاناکرێنەوە. سەرنجی ئەوە دەدەم کە لە تێپەڕین لە ڕەخنەی موتڵەقی هیگڵی، لەوەی کە هاوڕەگەزە لەگەڵ ئیشی نێگەتیڤ، کە بۆ دواجار تاکگەرایی بەرەو سوبێکتیڤیتە بەرزدەکاتەوە، سوبێکتیڤیتە بەرەو فیگەری ئاگاییەك بەرەو ئەوەی کە ئاگایی و وشیاریی فەلسەفی و دیالەکتیکیی لێ بکەوێتەوە، هەربۆیە ڕەخنە لەم موتڵەقەی سەرەتا، و هەروەها کۆتاییش ـ چونکە ئەوەی لە کۆتاییە هەر ئەوەیە کە لە سەرەتادا هەبوو ـ بۆ من بەو واتایە دێت کە هیچ شتێك بوونی نییە، کەواتە دەتوانین بڵێین ئەوە موتڵەقە. دەبێت "موتڵەق" بە واتایەکی زۆر بنەڕەتیی وەربگرین، بەوەی کە پەیوەندیدار نییە، جیهانییە، کە پەیوەست نییە و بە شێوەیەکی زەروریی نەبەستراوەتەوە بە هەلومەرجەکانی دروستکردنیانەوە.

**تۆ ئەمەت پێ قبووڵە؟**

**بادیۆ:** کە موتڵەقێك بەم شێوەیە هەیە؟ بەدڵنییاوە، بە تەواوەتی. بۆ من، حەقیقەتە ماتماتیکییەکان، زانستییەکان، هونەرییەکان، عاشقانەکان، سیاسییەکان بە شێوەیەکی مانادار و بە بەهایەکی موتڵەق بوونیان هەیە.

**ـ ئەم حەقیقەتە موتڵەقە، چۆن بەستراوەتەوە بە کۆتادارییی مرۆڤەوە؟**

**بادیۆ:** مرۆڤ نە کۆتایی پێ هاتووە، نە کۆتایی پێنەهاتووە لە لایەن خۆیەوە. مرۆڤ کراوەیە بەرەو ناکۆتایی، بە دڵنییاییەوە. ئێمە حاڵەتێکی بیرکردنەوەی ناکۆتاین لەژێر هەموو جۆرە فۆرمێکدا.

**ـ ئایا ڕۆحێك بوونی هەیە کە "هزر" نەبێت، بە هەمانشێوەی ڕۆحی موتڵەق لای هیگڵ؟**

**بادیۆ:** ڕۆحی موتڵەق نییە. دروستکردنێکی سوبێکتیڤ حەقیقەتێك[1] و پەیوەندییەتی لە گەڵ ناکۆتادا[2]، ئەویش هەر زۆر بە سادەیی چونکە ناکۆتا بریتییە لە ڕیاڵ. ڕیاڵ ناکۆتایە، ڕیال کۆتا نییە. کەواتە ئەگەر

---

. [1]بە بۆچوونی بادیۆ حەقیقەت مەسەلەیەکی تیۆری نییە بەڵکو پێش هەموو شتێك بابەتێکی پراکتیکییە. بۆیە هەر حەقیقەتێك بۆ ئەو هەم مەسەلەیەکی تایبەتە و هەم مەسەلەیەکیی یۆنیڤێرساڵ. حەقیقەت لای بادیۆ واتایەکی تەواو ماتریالیستی هەیە و هیچ کاتێك مانایەکی ترانسێندتاڵی نییە بەڵکو ئەم حەقیقەتانە تەنیا لە هەناوی بارودۆخەکاندا و پەیوەندییەکانیدا درووستدەبن و بوونیان هەیە. بۆیە لای ئەو حەقیقەتەکان ڕوودەدەن و لەگەڵ تایبەتیی ئەو ڕووداوەی کە هەڵگریەتی دەردەکەون..

[2]. ناکۆتا یەکێکە لەو چەمکانەی کە بادیۆ زۆرترین ئیشی لە سەر کردووە، و کتێبێکی هەیە بەم ناونیشانە "کۆتا و ناکۆتا لای هیگڵ و ئەرستۆ و سپینۆزا" کە پێشتر لە سیمینارێك بەشێك لەو باسانەی نێو ئەم کتێبەی خستووەتە روو، لە پێشەکیی ئەم کتێبەدا خۆی دەڵێت: ناکۆتا چەمکێکی کە دەکرێت ئاینی بێت (خوا ناکۆتایە)، یان لە ماتماتیك دا (ژمارەی ناکۆتا هەیە) ، فیزیك بێت (جیهان ناکۆتایە) و بە دڵنیاییشەوە ئایدیایەکی فەلسەفییە. هەر لە مێژە ئەوەمان بیستووە کە مرۆڤ فانی یان کۆتایی پێهاتووە، بۆیە دەمرێت. کەواتە چۆن بوونێکی فانی دەتوانێت لەو شتە تێبگات کە ناکۆتایە؟ یەکێك لەو مەسەلانەی کە بادیۆ دەبەستێتەوە بە مەسەلەی "ناکۆتا" بریتییە لە چەمکی رووداو ، ئەم چەمکە گرێدروای چەند چەمکێکی تری وەکو حەقیقەت و سوبێکتە و خەسڵەتی پێشبینی نەکراوی و ناکۆتابوونی ڕووداو ئەم چەمکەی لێی درووستدەبێت. ڕووداو بە بۆچوونی ئەو شتێکە پێشبینی ناکرێت و هیچ بنەمایەکی کۆنکرێتیی نییە و لە هیچ شتێك جگە لەو بارودۆخانەی کە لە هەناویدا سەرچاوەدەگرن سەرچاوە ناگرێت ، بۆیە یەکێك لە تایبەتەمەندییەکانی رووداو لای بادیۆ بریتییە لە ئەگەری روودانی موتڵەقیی لە هەر ئان و ساتێکدا. بۆیە رووداو لە هەر شتێك کە لە نێو بارودخدا بکرێت بیانزانیت یان ئەو بارودۆخە دەیخاتە روو، تێدەپەڕێت، بۆیە ناکرێت پێش ئەوە یان لە کاتی دەرکەوتن و ڕوودانیدا، بناسرێت و دەست بخرێتە سەری. بۆیە رووداو تایبەتە بەو شتانەی کە

ئێوە حەقیقەتێکتان هەبێت، دەبێت ئەمە بەر کۆتایینەهاتوویی ڕیاڵ بکەوێت. ئەگەر حەقیقەتێکیشیتان نەبێت کە بەر ڕیاڵ بکەوێت و بیخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، ئەوا چوارچێوەیەکتان نییە بۆ بەرهەم هێنان و بیرکردنەوە بۆ ئەم هەقیقەتە لە یەك کاتدا . کەواتە من داکۆکی لەو بیرکردنەوە مرۆییە دەکەم کە خودی ئەم بیرکردنەوەیە لە نێو رەگەزە مومکینەکانی ناکۆتادایە. ئەمە بۆ من هیچ کێشەیەکی نییە و لە کتێبی داهاتوومدا پیشانی دەدەم کە ئەوە کۆتایە کە پرۆبلۆماتیکە.

**ـ ئەم کۆتایە بە چ شێوەیەك بۆ تۆ پرۆبلۆماتیکە؟**

بادیۆ: ئەمە بەو واتایە دێت کە هەموو شتێك ناکۆتایە. ڕیاڵ ناکۆتایە و هەقیقەتەکان بەهامنشێوە کە بەر ریاڵ دەکەون، بەر ناکۆتاش دەکەون. پرسی کۆتایی پێهاتوویی پرسێکە کە بە هەندێك مانادا، بەردەوام بریتییە لەوەی کە کۆتا بریتییە لە ئەنجام. ئەمە ناکۆتایە کە بریتیی لە حاڵەتی بوونی هەر شتێك کە هەیە، و کۆتا، بە کورتییەکەی، بۆ نموونە لە قاڵبی بەرهەمێکی هونەری دا، هەڵگرتنی کۆتایە لە سەر ناکۆتا. ئەوە کۆتایە کە بەرهەمەکەیە و ناکۆتا پێچەوانەوەی شتە پێدراوەکەیە. پێویستە لە سەر ئەم خاڵە

---

لە نێو بارودۆخدا لە خستنە ڕووی خۆیان بێ بەش کراوان[بۆ نموونە ڕووداو کاتێك ڕوودەدات کە پەنابەرانی نایاسایی خۆیان لە پێگەی قوربانی و ژیانی شاراوە ڕزگاربکەن و دێنە دەرەوە تا ببنە ئەکتەری خۆیان، یان ڕاپەرینی کەسانی بێکار تاوەکو لە ڕێژی ئاماری بێکاران بێنە دەرەوەو و خۆیان ببنە سوبێکتی بەرگری. یان ئەو نەخۆشانەی کە چیتر رازی نین کە تەنیا نەخۆشێك بن بەڵکوو هەوڵدەدەن نەخۆشییەکەی خۆیان بکەنە بابەتیی تێڕامان و بیکردنەوە یان هەندێك لە ڕاپەڕینەکانی نێو بەهاری عەرەبی کە ئەمانە هەمووی پێشبینی نەکراو بوون]، بۆیە ڕووداو تەنیا لە شتێك ڕوودەدات کە بارودۆخ و پێوەرەکانی نەتوانن دەستنیشانی بکەن. بە بۆچوونی بادیۆ ڕووداو تەنیا لە چوار بواردا ڕوودەدات ئەو بوارانەش هونەر ، سیاسەت، زانست و عەشقە. کە ڕووداو لە عەشقدا دیداری عاشقانەیە و سوبێکتەکەی تاکە بەڵام لە سیاسەتدا دەکرێت شۆڕش بێت و سوبێکتەکەی جەمعی بێت، بۆیە بە بۆچوونی ئەو تەنیا لەم چوار بوارەیە کە دەکرێت باس لە هەقیقەت یان هەقیتەکان یان سوبێکت بکرێت، چونکە هەر ڕووداوێك حەقیقەتێك دروست دەکات، زانست حەقیقەت و کەشفە ماتماتمییەکان دروست دەکات و سیاسەتیش شۆڕش هەموو ئەمانەش پەیوەستن بە خاڵی ڕێکەوت یان شانس کە لەم دیمانەدا بادیۆ تیشکی دەخاتە سەر. ئەو پێی وایە هەر حەقیقەتێکی تاقانە لە ڕووداوێکەوە سەرچاوە دەگرێت. دەبێت شتێك ڕووبدات تا شتێکی نوێ بێتە کایەوە، دەبێت شتێك بێت کە پێشبینی نەکرێت ، پێش ئەوە جلەو نەکرێت، دەبێت دابڕان و درزێك دروست بێت کە بنەماکەی تەنیا ڕێکەوت و شانس بێت. بارۆدخی مێژوویی یەکێکە لەو شتانەی کە پەیوەندیی بە مەسەلەی ناکۆتاوە هەیە چونکە بارودۆخی مێژوویی شوێنێکە بەردەوام ئەگەری ڕووداوی تێدا دەکرێت و بادیۆ ناوی لێدەنێت "شوێنی ڕووداو ساز" .

به تەواوەتیی ترادیسۆن ئاوەژووبکەینەوە کە بەردەوام کۆتایی پێهاتوویەکی ئاشکرا درووستدەکات، ناکۆتایش دەکات بە هەندێك شتی موتەعالی و دوورەدەست. پێموایە کە ئەمە ڕێك بە پێچەوانەیە. پرسەکە بریتی نییە لە ناکۆتا، بەڵکو بریتییە لە «هەبوو»یەکی زۆر سەرەتایی. پاش ئەمە، ئەو جۆرەی کە بیر ڕێگای خۆی دروستدەکات، یان چەند شتێك دەخولقێنێت، ئایدیایەك کە بەر ئەم ناکۆتایە دەکەوێت و کاریگەری دەکاتە سەری، کێشەیەکی جیاواز و تاڕادەیەك ئاڵۆزە. بەڵام لێرەدایە کە سوبێکت ڕوودادەت. هەروەها دەتوانرێت بوترێت، ئەگەر دەتەوێت ئەوەی کە ناوی لێدەنێین «سوبێکت»، ئەو ساتەیە کە تاکەکان، یان تاك، لە لایەن سرووشتی ڕیاڵی ناکۆتادا بانگهێشتدەکرێت. ئەمە سوبێکتە و ئەمە لەلایەن سرووشتی ڕیاڵی کۆتا لەلایەن ڕووداوە تاقەنەکان بانگهێشتدەکرێت کە وەکوو تاکگەرایی لێکنادرێتەوە- هیچ دیالەکتیکێکی سرووشتی بوونی نییە - بەڵام دەتوانن بەرەبەرە توانای سوبێکتیڤی خۆیان لە کراوەیی بەرەو ناکۆتایی پێهاتوویی ڕیاڵ بخولقێنن و تێڕوانینێك دروستبکەن کە مەوداکەی ببێتە جیهانی، و ئەمە بەم مانایە، دەتوانرێت بوترێت موتڵەق بوون. ئەمەیە پرسی موتڵەق. بە پێی ئەم وردەکارییانە، هەموو شتێك بە پێی پێویست ئاڵۆزە، بەڵام تێگەشتنە سەرەتاییەکان سادەن. ژێستی سەرەکی لە سەر ئەم پرسە بریتییە لە پێچەوانەکردنەوەی شێوە و قاڵبی ئاسایی، کە بەپێی ئەمە ناکۆتایە کە دەبێتە دەست پێڕانەگەیشتوو و ترانسێندتاڵ و کۆتایی پێهاتوویی دەبێتە چارەنووسێکی دووبارەنەبووەوەی مرۆڤ. شوێن پێی ئەمانەمان پێشتر لای دیکارت لە زۆر دەقدا هەبوو کە ڕایدەگەیەنێت کە لەڕاستییدا ناکۆتا زۆر سادەتر و ئاسانترە لە کۆتا. ئەمە شهودێکە کە پێشتر ئاشکرایکردووە. جگە لەمە، لە تێڕامانەکاندا [تێڕامانە میتافیزیکییەکان ناوی کتێبێکی دیکارتە] بەجوانی ئەوە دەبینین کە بەڵگەی ئەوەی کە گریمانی ئەوە دەکرێت کە ڕیاڵ لەلایەن ناکۆتاوە تێدەپەڕێت، ئەمەش لە لایەن سەلماندنی بوونی خوداوە نییە کە بتوانریت زەمانەتی ئەوە بکرێت کە ئەوەی هەیە ڕیاڵە. من لەگەڵ ئەم شهودە بەهێزەی دیکارتدا هاوڕام کە بەپێی ئەمە هەموو شتێك دەگاتە ڕیاڵ، هەموو جۆرە دڵنیاییەکی ڕیاڵ، پەیوەستە بە ناوەندگیریی ڕیاڵەوە. کەواتە پەیوەندییەکی ئۆرگانی لەنێوان کۆتایی پێهاتوویی بوون، و گەیشتنی ئەم کۆتایی پێهاتووییە بەرەو بوون، لێکەوتنە جیاوازەکانی هەقیقەت، ئەو ڕاستییەش کە سوبێکت ئەکتەری هەموو ئەمانەیە، لەولایەنەوە کە بۆ ئەم ئەکت یان پرۆسەیە بانگهێشتدەکرێت هەیە. تاك، لە هەمانکاتدا وەکو خۆی، بە شێوەیەکی درووست قسەکردن نییە نە لەسەر کۆتا نەك ناکۆتا، چونکە ئەو لە یەك کاتدا بەتەنیا لە گۆشەنیگایەکی شیکاریی دەرەکییەوە کۆتایی

پێهاتووەـ مەرگ بوونی هەیە، بەربەستەکانی بەر جەستە، هەموو ئەو شتانەی کە بمانەوێت ـ بەڵام لەبەر ئەوەی تاك توانایيەکی ناکۆتاشە لە هەمانکاتدا، ناتوانین کۆتاییپێهاتووە ڕاشکاوەکەی ڕابگەیەنین[3]. ئەو بە توانایە لە گەیشتن بە ناکۆتا، ئەو بەتوانایە بەر ناکۆتابوونی ڕیاڵ بکەوێت، بەتوانایە لە خستنەجووڵەی ئەمە، هەروەها بەتوانایە لە خولقاندن لەڕوانگەی ئەم ناکۆتایەوە، کۆتایی پێهاتوویيەك لە گەڵ بەهایەکی یۆنیڤێرساڵدا. نمونەیەکی زۆر تایبەتی ئەم شتە بەرهەمی هونەرییە، هەروەها نموونەی شۆڕشی سیاسی، و زانیارییە نوێیە زانستییەکان. چەند ڕێژەیەکی لە نمونەی جیاواز بوونی هەیە. لە هەموو ئەم بابەتانەدا، ئەم بەرهەمهێنان و درووستکردنە سوبێکتیڤە بەدیدەکەین کە بەر ناکۆتایی پێهاتوویی ڕیاڵ دەکەوێت.

**ـ کەواتە تاك دەبێتە سوبێکت کاتێك بەر ناکۆتا بکەوێت؟**

**بادیۆ:** بەڵی، کاتێك بەر ناکۆتابوونی ڕیاڵ بکەوێت. بەڵام من لە وتنی هاوکێشەی «تاك دەبێتە سوبێکت» خۆپارێزی دەکەم. پێم باشە بوترێت « تاك خۆی لە گەڵ سوبێکت تێکەڵدەکات»، چونکە ئەمە بەردەوام ڕوونادات، تەنانەت ئەمە زۆرجاریش نییە  کە تەنیا تاك ببێتە سوبێکت. سوبێکتی سیاسی، سوبێکتێکی جەمعییە، تاك نییە[4]. هاوکات، سوبێکتی هونەری، دەتوانین پرسیار لەخۆمان بکەین کە ئەوە چییە. لە مێژووە لە ژمارەنەهاتووەکانی تێڕامانی تیۆری لە سەر بەهرەکان ئەم شتە هەبووە. لەڕاستییدا، ئەمە نیوەی ڕێگاکەیە، چونکە بەردەوام قوتابخانە، گرووپەکان، ئەفراندنە جەمعییەکان هەبووە کە دواجار خۆیان ئامادەکردووە بۆ سوبێکتیڤیتەیەکی ئەفرێنەر. ئەمە بە تەواوەتیی لەنێو زانستەکانیشدا ڕاستە، کە لەوێدا بەردەوام کۆمەڵگایەکی زانستی هەبووە کە سودی سەلماندنی خۆیان خستووەتە خزمەتی ئەم یان ئەو زانا کە کەشفێك دەکات. وا دەزانم کە وتنی ئەمە زۆر ڕاست بێت کە تاك لەگەڵ ئامادەبوون و بەردەستبوونێکی تەواویدا، جەستەی، بیری، ئەو شتەی دەیکات، بوونی کۆمەڵایەتیی، ئەو زمانەی قسەی پێدەکات، تیکەڵ بە پرۆسەیەکیی سوبێکتیڤ دەبێت کە بەردەوام پرۆسەیەکی تاقانەیە کە هەرگیز گشتێتی بوونی تاك داناپۆشێت، چونکە بەشێك لە تاك کە تێکەڵ بە پرۆسەی سوبێکتیڤ دەبێت و خۆیشی تاقانەیە

---

[3] لای بادیۆ مرۆڤ دەمرێت بەڵام ناکۆتایە.

[4] لای بادیۆ سوبێکت تەنیا مەسەلەیەکی فەردی و تاک نییە، لە ڕووداوێکی عاشقانەدا سووبێکت دەتوانێت تاک بێت بەڵام لە ڕووداوێکی سیاسی یان لە نێو ڕووداوی شۆڕش دا سووبێکت بەردەوام جەمعییە... و مەسەلەی بوون بە سووبێکت مەسەلەیەکیی بەردەوام نییە، چونکە زۆر جار تاک لە ئەگەری گۆران و تێکەڵبوونی و بوون بە سووبێکت پاشەکشێ دەکات و ناتوانێت تا سەر سووبێکت بێت.

singuliére ، جۆرێك هەڵگرتنە، ئەگەر بتوانم ئەوە بڵێم، لەسەر تاك. لەلایەکی ترەوە، تاك دەبێت بەردەوام بێت لە خواردن و خواردن وەرگرتن لە جەستە و بوونە نەخۆشەکەی و دواجار مردنی. ئەم شتانە بەردەوام دەبن، بەڵام توانای بەرکەوتنی ناکۆتا لەگەڵ ئەمەشدا لە لایەن تێکەڵکردنێکی بەشەکییەوە ئەزموونەکرێت۔ هەندێکجار بە شێوەیەکی کاتی، هەندێکجاریش بە شێوەیەکی زۆر قووڵ ـ لە ڕەوتێکدا کە بەر ناکۆتای ڕیاڵ بکەویت، ئەوەی دەکرێت ئەوەیە کە بڵێین هەموو تاکێك دەتوانێت موتڵەق دا بەشداربێت. ناڵێم هەموو تاکێك دەبێتە موتڵەق، چونکە ئەمە وەك ئەوەی لێدێت کە سوبێکتێکی موتڵەق هەبووە کە لە هەموو تاکێك چووە، بەڵام دەتوانێت بەشداربێت لە موتڵەقدا. ئیمکانێکە کە بۆ دواجار کراوەیە بۆ دەرچوونی هەموو تاکێك، بەڵام کێ بەرگەی ئەم بەشە لە شانس و ڕێکەوتە دەگرێت.

**ـ ئەم سوبێکتە، تاکێك کە بەر ناکۆتا دەکەوێت، سەرنجدان نییە بۆ ڕەخنە لە هەڵوەشانەوەگەری، ڕەخنەکەی لاکان؟**

**بادیۆ:** بڕواناکەم وابێت، چونکە هەموو سوبێکتیڤیتەیەك بە مانای سوبێکتێکی میتافیزیکی، دیکارتی، یان تەنانەت ئاگایی سارتەری نایەت. ئەم جۆرە ئیمکانیکی بەشەکییە، کە ناونشین و ئیمانێنتە، وەك ئیمکانی بەشەکیی تاك، و پێویستی بە خستنەسەری دەستێوەردانێکی دەرەکییە بۆ بەرهەمهێنانی خۆی. لێرەدا کە پرسی ***ڕووداو*** دێتە ژوورەوە، واتە پێویستە لە نێو ژیانی ئاژەڵ مرۆییدا چەند شتێك بەرهەمبهێنێتەوە کە ئەم ئیمکانەی بۆ بکاتەوە. ئەگەر ئەوە قبوڵبکەین کە ئەم ئیمکانە دەتوانێت خۆی پەرەپێدات، ئەوا دەبینە کەسێکی هیگڵی. کەواتە بەهەرحاڵ ڕەگەزێکی شانس و ڕێکەوت لێرەدا هەیە. لەگەڵ هەموو ڕەگەزە سنوردارەکان لەم پرۆسەیەدا کە ئێمە کەشفیدەکەین، لەڕاستییدا، هەموو تاکێك بە شێوەیەکی هێزەکی بەتوانایە. نمونەی زۆر بەهێزی ئەم جۆرە لە بانگەشەیە دیداری عاشقانەیە. دیدار لەگەڵ کەسێکدا دەکەین ـ کە زۆرجار ڕێکەوتە ـ کە دەتوانرێت چەند شتێك لەنێو ناکۆتایی بوونێك کە بەر عەشق دەکەوێت دەستەبەربکەین، بەڵام دەبێت هەموو شتێك بۆ سوتفە و ڕێکەوتی ئەم دیدارە پێویست بووبێت. بەم شێوەیە، لە سیاسەتیشدا، باش دەزانین کە بۆ بەدەست هێنانەوەی ئەو نمونەی شۆڕشە گەورانەی ئەم دواییەی نێو دونیای عەرەب، ئەو شتەی کە پەیوەستە بە زۆبەی ئەو گەنجانەی کە لەوێدا بوون، سێ ڕۆژ پێش ئەوە، نەیاندەزانی کە توانای کردنی ئەو شتەیان هەیە. و گومانی تێدا نییە ئەوان لەو

ساتەدا هەستی بەرکەوتنیان لەگەڵ ناکۆتادا هەبووە. ئەوان تەنیا ئەو ڕاگەیاندنی بۆچوونەکانی خۆیان دیوە، تەنانەت ئەگەر ئەم جۆرە لە ڕاگەیاندنە بۆچوونەکانیشیان زۆر سادە بوویێت وەکو: «ئەوە ئێمەین کە میسرییین»، هەمووو ئەمانە ئەوەمان پێدەڵێت کە بەرشتێك دەکەوین کە ئێوە [لە ئاستی خۆتان بۆ سەرەوە] تێدەپەڕێنێت. ئەم شتە بە دووبارەنەبووەوە و موتڵەق دەمێنێتەوە. ئەگەر ئەم کردارە گۆڕانێکی موتڵەقیشی لێنەکەوێتەوە وەك ئەفراندنێکی سوبێکتیڤ، ئەوا بەبەردەوامی بوونی هەر دەبێت. بە شێوەیەکی سرووشتی ئەمە هەمووو ئەو خۆپەرەسەندنەی تاك نییە کە ئێرە و ئێستا تێدەپەڕێنێت، نەخێر، بەڵکو ئەو پاڵپێوەنانەیە. دۆڵۆز وتبووی کە بەردەوام لە گەڵ ئەو پاڵپێوەنانەی **دەرەوە** بیردەکەینەوە ـ لای ئەو کاتیگۆریی **دەرەوەیە** کە ئەم [شتە دەکات] ـ و بڕوام وایە کە ئەو لە سەر هەقە. بۆ من، ئەم شتە لە نێو کاتیگۆریی **ڕووداودا** دەستەبەردەبێت، بەڵام هەر هەمان ئایدیایە، ئایدیایەکی دژە-هیگڵی، کە لەڕاستییدا بۆ ئەم لووتکەگرتنە سوبێکتیڤییەی تاك، هەندێك شت دەبێتە بێت بۆ دەرەوە.

**ـ لای هیگڵ ئەم «دەرەوە»یە بوونی نییە.**

**بادیۆ:** نەخێر، هیگڵ تەنانەت هەوڵیدەدا هەمووو شتێك بخزێنێتە «ناوەوە».

**ـ تۆ بە باشی ئەوەت پیشانداوە کە کێشە لای هیگڵ دەکەوێتە کوێوە. ئایا شتەکان لە گەڵ نیچە و ئەو وێنەیەی ئەو لە سەر مەرگی خودا دەگۆڕێت؟**

**بادیۆ:** نابێت بەشی تایبەتی نیچە بە کەم سەیر بکرێت. لە بنەڕەتدا پێموایە ئەم بەشە دواجار هەڵگری خستنەڕووی ئەم پرسیارەیە: «چی شتێك دەتوانێت توانای ئەفراندنی مرۆڤ و مرۆڤایەتی بێت، ئەگەر خودا بوونی نەبێت، ئەگەر خودای مەسیحییەت، یان بە شێوەیەکی تایبەت خودا ڕزگارەکەی مەسیحییەت، بوونی نەبێت؟ ئەگەر سرووشتی ئێمە لە لایەن خوداوە ڕزگارنەکرێت، ئەگەر ئەم سرووشتە لە خۆیدا کورتبکرێتەوە، ئەوا ئەم سرووشتە لە چیدا بەتوانایە؟» ئەم پرسیارە کە هەروەها پرسیاری منە، کەواتە وا دەکات لە سەر ئەم خاڵە باش لە نیچە تێبگەم. لەڕاستییدا دەتوانین لەڕێگەی دۆستۆیڤسکییەوە لەوە تێپەڕین کە دەڵێت ئەگەر خودا مردبێت، هەمووو شتێك ڕەوایە. بەڵام لەڕاستییدا، ڕۆچوونە هاوچەرخەکان زۆر زیاتر دەڵێن: «ئەگەر خودا مردبێت، هیچ شتێك ڕەوا نییە، ئەگەر خودا مردبێت، ئێمە توانای هیچمان

نییە،  دەبێت ڕازی و دڵخۆش بین بەوەی هەیە. لەڕاستییدا بڕوام وایە کە جۆرە ئەتاییزمێکی نێگەتیڤی هەژموونداری کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان بوونی هەیە، کە هەڵگری وتنی ئەو شتەیە کە ئەگەر چاوپۆشی بکەین لە خودا و تێپەڕێنین، ئەوا، هەموو ئەو شتانە تێدەپەڕینین کە لە گەڵیدایە، زانینی موتڵەق، ڕزگارییەکی سوبێکتیڤ، توانای کردن و ئارەزووکردنی باش، عیرفان. لەبنەڕەتدا، هەموو ئەم شتانە بەبێ خودا لەناودەچن، هەروەها بە واتای ژیانێکی شیاو دێت تاوەکو مومکین. سەرەڕای ئەمەش، وەڵامێکی مومکینیش بوونی هەیە، کە هی نیچە نییە، بەڵام وەڵامێکی مومکینە بۆ پرسیارێکی نیچەیی، کە هەڵگری وتنی ئەمەیە : «ئەگەر خودا مردبێت، دەست لە خواستنی موتڵەق هەڵدەگرین.» خودا مردووە، موتڵەق چیتر هۆکاری هەبوونی نییە، حەقیقەتەکان بوونیان نییە، ئەوەی هەیە بیروڕاکانە. بە دوای بەختەوەرییەکی مادییدا تەنیا هۆکاری بوونی مرۆڤایەتی، دڵخۆشییمانە بەو شتانەی کە هەمانە! لەڕاستییدا ئەمە بیری هەژموونی ئەمڕۆیە، قسەکردنی درووستە لەسەر وانەیەکی نیهیلیستی کە لەم گریمانەیەوە دەرهێنراوە. هەر بۆ ئەمەیە کاتێك کە دۆستۆیڤسکی دەڵێت: «ئەگەر خودا مردبێت، هەموو شتێك ڕەوایە.»، بە چەند واتایەك، ئەم «هەموو»ـە زۆر بچووکە. هەموو شتێك ڕەوایە، بەڵام "هەموو"، شتێکی زۆر گەورە نییە. لەڕاستییدا، هەندێك لە ڕاڤەکردنەکانی مردنی خودا جۆرە کەمکردنەوەیەکی ئیمکانەکانی مرۆییە بۆ مانەوەیەکی مادی [یان مانەوە پاش مەرگ] بە شێوەیەکی زۆر باش، مەسەلەکە هەر ئەمەیە. وەڵامەکەی نیچە هیچ شتێك نییە جگە لەمە.

**ـ لەگەڵ ئەم ڕاڤەکردنەدا سنوورکردانی ئیمکانە مرۆییەکان دەکرێت هاوکات توانایية مرۆییەکان، لە بواری مۆراڵ، ئیش، یان ژیانی کۆمەڵایەتی؟**

**بادیۆ:** بەدڵنیاییەوە. مرۆڤ ڕایگەیاندووە توانایەکی کەمی هەیە. [واتە] ئایدیایەك، بۆ نمونە، خۆبەبەرپرسیارزانینێکی ڕادیکاڵ لەنێو چەند شتێك کە پووچە: گیانفیدایی، ئایدیایەکی قێزەونە، هتد. بەباشی ئەوە بەدیدەکرێت کە گەورەترین کێشە لەو حوکمەی کە دۆستۆیڤسکی دەیخاتەڕوو، زانینی ئەوەیە کە «هەموو» چیە. لەڕاستییشدا، تێگەیشتووین کە تا ڕادەیەك هیچ نییە، تەنیا بەردەوامییە لەنێو بوونی ئاژەڵ-مرۆڤدا. ئەمەیە. دەبێت دڵخۆش بین بەمە. مەزنیی نیچە بە بڕاوی من، قبوڵنەکردنی ئەم ڕێگای نیهیلیزمە بووە، لەکاتێکدا ئەو زۆر بەجوانی ئەم ئیمکانە نیهیلیستییەی دیوە. ئەو هەوڵیداوە لە ڕێگای ئەم

نیهیلیزمەوە شەڕێك بكات كە بەپێی ئەمە، مرۆڤ بە توانایە بۆ تێپەڕاندنی مرۆڤ. ئەمەیە «مرۆڤی باڵا». بێگومان دەكرێت لە مرۆڤی باڵا وەكو جۆرە فاشیستێك هاوشێوەی قارەمانیەتیی نەتەوەیش تێبگەیت. بەڵام دەتوانین وەكو چەند شتێكی ئەرێنییش لێی تێبگەین.

**- چۆن دەتوانین وەكو چەند شتێكی پۆزەتیڤ[5] لەمە تێبگەین؟ تۆ چۆن لە نێو مرۆڤی باڵادا پۆزەتیڤ بەدیدەكەیت؟**

**بادیۆ:** مرۆڤی باڵا دەكرێت بەو واتایە بێت كە لەنێو بارۆدۆخەكانی مردنی خودادا، مرۆڤ دەتوانێت بۆ سەرووی خۆی هەنگاوبنێت، واتە پێداگری لە سەر توانای، كراوەیی و هتد. پێموایە كە هاوكات لای نیچە هەوڵ و ئارەزوویەك هەیە، كە نازانم لێرە چۆن ناوی بنێم، هەوڵێكی "بایۆلۆژییانە"، بایۆلۆژییانە چونكە هەوڵدانێكە بۆ ڕاكێشانی ژیان خۆی، ژیانی ئاژەڵی مرۆیی، ئەو شتانەی كە لەنێو ڕژێمی دەسەڵاتدان. ئەو ڕەوتەی كە لەبیرگسنەوە دەستیپێكرد و ئەمڕۆ تاوەكو دۆلۆزیش بەردەوامە. ئەم ڕەوتە باس لەوە دەكات تاك دەتوانێت ببێتە كەسێكی لەڕێرەودەرچوو لە بوونە پاكە ئاژەڵییەكەی لەلایەن ***ڕووداوێك*** كە لە **دەرەوە** هاتبێت، ئەوەی كە بەرەو ئاراستەی پرۆسەیەكی حەقیقەت پاڵی پێوەدەنێت، ئەوەی كە هەلی ئەوەی بۆ دەڕەخسێنێت بەر ناكۆتابوونی، **بوون** بكەوێت. لە نیچەوە بۆ دۆلۆز، دەوترێت كە مرۆڤ دەتوانێت لەنێو هێزی ژیانی ئاژەڵیی خۆیدا هەلومەرجێكی ئەفرێنەر بەدیبكات و بیدۆزێتەوە. ئایدیایەكە كە لەبنەڕەتدا، ژیان بەردەوام زۆر بەهێزترە لە بە تاككردن[6]، زۆر بەهێزترە لە تاك، كە تاك لەگەڵ ژیاندا دەبێتە خاوەنی شتێک كە زۆر بەهێزترە لە خۆی.

من بڕوام بەم شتە نییە، پێموایە كە بە شێوەیەكی زۆر سەیر، ئەوە هیگڵیزمی بەبایۆلۆژیكراوە لە سەر ئەو بڕوایەی كە تاك لە نێو خودی خۆیدا لە نێو سیمای موتڵەقی ژیان دا هەڵگری موتڵەقە. بڕوام بەوە نییە كە هێزی ژیان بتوانێت وەكو هێزێكی ئیمانێنت بۆ تێپەڕاندنی تاكگەرایی سەیربكرێت. بەردەوام ئەوەم

[5] Positive/ positif ئەم وشەیە زۆرجار بەرانبەر بە خەیاڵی و زەینی دادەنرێت و بە واتای ریاڵ یان واقع دێت یان هەر جۆرە بیرۆكەیەك فەلسەفی یان سیاسی كە بانگەشەی ئەوە بۆ خۆی بكات كە بتوانێت نواندنەوەیەكی پۆزیتڤ بێت بۆ واقیع. هاوكات ئاماژەیە بۆ فەلسەفەی پۆزیتڤیزمی ئۆگۆست كۆنتی فەیلەسووفی فرەنسی كە هەوڵی دەدا زانستە كۆمەڵایەتییەكان هاوشێوەی زانستە سروشتییەكان لە كاتی شیكاریدا هەمان ئەنجامی ورد و یەكلاكەرەوە بدات بە دەستەوە.

[6] لێرەدا وشەی individution كە بەو واتای ئەو شتە دێت كە وا دەكات تاكێك لە تاكێكی تر جیاواز بێت، واتە ئەگەر لە نێو یەك گروپ یان یەك فەزاش بێت كە وا دەركەوێت ئەم تاكە لەوی تر جیاوازە. بەڵام لە فەلسەفەدا بە گشتی بە واتای بەدیهێنانی ئایدیایەكی گشتی دێت لە نێو تاكێكدا.

بەدیکردووە کە ئەم گۆشەنیگای نیچەیی، دۆلۆزییە، کە وێنای بوون دەکات و کەوتووەتە بەرانبەر هیگڵ، نەیتوانیووە لەوە زیاتر هیچ لە بەرانبەر ئەودا دابنێت، چونکە بۆ دواجار، ئەم شتە بەو مانایە هاتووە کە موتڵەق زۆر نزیکە لە ئێمەوە. زۆر بە سادەیی موتڵەق ڕۆح نییە، بەو شێوەیەی کە لای هیگڵ هەیە، بەڵکو خودی ژیانە.

**ـ کەواتە هەنگاوێك هەیە بۆ گۆڕانی ئەم شتە؟**

**بادیۆ:** بەڵێ، ڕۆحی ژیان. ئەمە بایۆلۆژییانەیە و دەتوانێت ئەو ڕۆحەش ببەخشێت بە "مرۆڤی باڵا" کە بۆ دواجار، ئەمەش دوا بڕیاری منە لە سەر نیچە. پرسیاری یەکەم بە بڕوای من پرسیارێکی زۆر بەهێز بوو. هەوڵی گەڕان بە دوای ڕێگەچارەیەك لەنێو هێزی ژیاندا لای من وەکو شتێکی نەشیاو هاتە پێشچاو، چونکە بۆ من هێزی ژیانی لەڕاستییدا بە تەواوەتی کوێرە. ئەمە هێز نییە کە لەڕاستییدا بەرەو هەر شتێك کە هەیە ئاراستەدەبێت، بەڵکوو هێزێکە کە هێزی هەمیشەیی هێز خۆیەتی، بەڵام لە ئاستی توانا ناونشین و ئیمانێنتەکەیدا.

**ـ ئەی مارکس؟ مارکس فەیلەسوف بوو، هیگڵی بوو. ئەمە هەمان تێزی فۆیەرباخە کە دیالەکتیکێکی هیگڵی ئاوەژوودەکاتەوە. ئایا ئەمە هەمان ئەو حاڵەتەیە، هاوشێوەی ئەوەی پێش کەمێك وتمان لەسەر نیچە، گۆڕانی پرەنسیپێك بۆ پرەنسیپێکی تر؟**

**بادیۆ:** بەدڵنیاییەوە ئەم مەیەلەش لای مارکس بوونی هەیە، کە مەیلێکە کە من دەڵێم تایبەتە بە سەدەی بیستەم، کە دەتوانین هەروەها لە نێو ڕاڤەکردنە هەژمووندارەکانی داروین و هەندێك ڕاڤەی تر بەدبی بکەین کە فرۆید و دەروونشیکاری خستوویانەتەڕوو. هیوایەکی تا ڕادەیەك پۆزەتیڤیست لە سەدەی بیستەمدا لەلایەن تەواوی ئەم نووسەرە مەزنانەوە بوونی هەیە. بەڵام ئەوەی کە سەبارەت بە مارکس دەمەوێت بیڵێم، لەڕاستییدا سێ مارکسی جیاواز بوونی هەیە، سێ شت کە بە تەواوەتی ئاهەنگ خۆشیان نییە لای ئەو. ئەوانەش بریتین لە میراتی فەلەسەفی هیگڵی ، دیالەکتیك، ئەم دیالەکتیکەش بەشێوەیەکی سەرەکی وەکو دیالەکتیکێکی ئۆبێکتیڤ بیری لێکراوەتەوە، واتە پەرەسەندنی دژیەکەکان. لەڕاستییدا ئەمە مارکسە کە پەرەی بە فەلسەفەی مێژوو داوە، واتە گۆشەنیگایەکی بەرفراوان لە جووڵەی مێژوویی دا.

**ـ ئایا مێژووی فەلسەفەی مارکس لەڕاستییدا هەر ئەوەی هیگڵە؟**

**بادیۆ:** بەڕاشکاوییەوە، گۆڕانێکی ماتریاڵیستی لە گۆشەنیگای مێژووی فەلسەفەی هیگڵی بوونی هەیە، کە لە هەمانکاتدا لە لایەن فاکتەرێکی گرنگی زەروورەتەوە دەستنیشاندەکرێت ـ قۆناغە بەدوایەکداهاتووە پێکەوەبەستراوەکان بە شێوەیەکی زەرووری ـ ڕێڕەوێکمان لە فیوداڵیزمەوە بەرەو سەرمایەداری هەیە و پێشووتریش لە کۆیەلایەتییەوە بەرەو فیوداڵیزم. ئەوە مارکسە کە پێی دەڵێم فەیلەسووفی مێژوو. کەواتە مارکسی یەکەم بوونی هەیە، کە زۆر هیگڵییە، لە نێو گۆشەنیگایەکی گەورەی مێژوویدا. مارکسێکیش بوونی هەیە کە بە بڕوای من بە تەواوەتیی جیاوازە، کە بەدوای ئەوەیە کە لەڕاستییدا زانستێکی کۆمەڵایەتی بنیات بنێت، تاکوو تیۆرێك بۆ کردارە سوودبەخشەکانی. بە هەمان شێوە کە خۆیشی دەیڵێت، ئەم دیالەکتیکە ڕێڕەوی مێژووی فەلسەفە ناگۆڕێت، بەڵکوو ڕێڕەوی ئابوریی سیاسیی ئینگلیز دەگۆڕێت. ئەم دیالەکتیکە لە هیگڵەوە سەرچاوەناگرێت، بەڵکو لە داڤید ڕیکاردۆوە دێت. بە هەمان شێوە کە دەزانرێت، مارکس بەشێکی زۆری کاتی خۆی بۆ نووسینەوەی ***سەرمایە*** تەرخانکرد، کە بە هیچ شێوەیەك نوسینی ئەمە کۆتایی نەهات، کە لە سەر بنەمایەکی ئیشە زانستی زۆر وردەکاردەکان ڕاڤەیەکی زۆر کرابوو و بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر، دیالەکتیکی هیگڵی ڕۆڵێکی لاوەکیی تێدا دەبینی. ناڵێم کە دیالێکتیکی هیگڵی بە تەواوەتیی لەوێدا بوونی نییە، بەڵام ڕۆڵێکی سەرەکیی تیا نەگێڕاوە. ڕۆڵە سەرەکییەکە بەتەواوەتی بریتییە بووە لە شیکاری میکانیزمەکانی بەرزبوونەوەی ـ نرخ[7] و سەرلەنوێ دابەشکردنەوەیان.

**ـ بەڵام بە بێ لۆژیکێکی ناوانشین و ئیمانێنتی فەلسەفەی مێژوو.**

**بادیۆ:** لۆژیکی ئیمانێنتی میکانیزمەکانی سود و سەرلەنوێ دابەشکردنەوەیان بریتییە لە لۆژیکی کارە.

**ـ ئایا ئەمە لۆژیکی قەیران نییە؟**

**بادیۆ:** دواجار زیاتر لۆژێکێکی کارایە.

**ـ بەڵام کێ دەبێتە هۆکاری قەیران لە کتێبی سێیەمی «سەرمایە»دا.**

---

[7] Capital Gain/ **plus-value**

**بادیۆ:** تیۆری قەیرانی قۆناغەکان داهێنانی مارکس نییە. ئەو ئایدیایەی کە میکانیزمەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداریی بەرهەمهێنەری قەیرانی قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی زیادەیە پێشتر لە لایەن ئادەم سمیسەوە خرابووەڕوو. ئەوە ئەم مارکسە کۆڵنەدەرەیە کە یاساکانی ئیشکردنی سەرمایە کەشف دەکات و لەڕێگەی ئەمەوە تابلۆیەکی شیکاری فێرکاری دەخاتەبەردەست. بڕوام وایە لێرەدا ئەو بە تەواوەتی مارکسی دیالەکتیك نییە، بەڵکو مارکسی ڕاڤەکارە. پێویست گومان خستنەسەر ناکات ئەم مارکسە بریتییە لەو مارکسەی کە بەتەواوەتی لە لایەن ئایدیالەکانی زانستەوە دنە دراوە، زانستی پۆزەتیڤ.

**ـ ئەم مارکسە راڤەکارە چ شتێکی تری بۆ ئادەم سمیس زیاد کرد؟**

**بادیۆ:** ئەو شتەی کە ئەو زیادیکرد، ئەو بەرەنجامانەن کە لەم کارەوە بەدەستدێن کە کاکڵی موتڵەقی ئیشەکان بریتییە لە بەرزکردنەوەی نرخەکان، ئەو بەرەنجامانەی کە بە جارێك ڕاڤەیی و ڕێسایی دەبن لەم شتەدا، دواجاریش ، یاسای سەرەکییان لێدەکەوێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە بە هەر شێوەیەك بووە بەهای سودەکان بپارێزن. ئەمەیە کە جیاوازییە بەرزوونزمەکانی دامەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان شیدەکاتەوە. بەڵام چەند داهێنانێکی واتادار بوونی هەیە، تەنانەت لە پەیوەندی لەگەڵ ڕیکاردۆشدا، بەڵام ئەم داهێنانە لەنێو هەمان ڕۆحدان. ئەم مارکسەی ئەوێ، یەکێکە لە کەسە زانستییە مەزنەکانی سەدەی بیستەم. ئینجا مارکسی سێیەم، کە پیاوێکی سیاسییە. ئەو مارکسەی کە دامەزێنەری ئەنجومەنی ئەنتەرناسیۆنالی کرێکارانە، کە دەستی هەبووە لە سەر ڕووداوەکانی خەباتی چینایەتیی لە فەڕەنسادا، کە جەنگێکی زۆر ئالۆزی ناوازەی دژ بە ئەنارشیستەکان و پرۆدۆن[8] و هتد لێکەوتەوە. ئەم مارکسەی دووەم، مارکسەکەی تری بە کاردەهێنا کاتێك پێویست بوایە، و فەلسەفەی مێژووی بە کاردهێنا کاتێك پێویستی پێی هەبوایە. هەروەها بە شێوەیەکی سرووشتی گەنگەشەی لە سەر زانستی ئابوری بەکاردهێنا، بەڵام ئەو ئامانجەی کە ئەو بەردەوام بوو لە سەری ئامانجێك بوو لە جۆری سێیەم. جۆری یەکەم، کە ئامانجێکی گەورەیە بۆ دەستبەرکردنی جۆرە چوارچێوەیەکی گشتی لە کامڵبوونی مێژوویيدا، دووەم، دەستەبەرکردنی شیکارییەکی زۆر ورد لەسەر میکانیزمەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخ، سێیەمیش، بریتییە لە ئەفراندنی کەرەستەیەکی

---

[8] پییەر جۆزێف پرۆدۆنی فەیلەسوف و ئابووری ناس و کۆمەڵناسی فرەنسی و یەکێکە لە باشترین بیرمەندەکانی فەلسەفەی سیاسی و یەکەم کەس بوو کە خۆی بە ئانارشیست ناوبرد و ئایدیای ئانارشیزمی لە بواری فەلسەفە و ئابووری و سیاسەت دا پەرە پێدا.

شۆڕشگێڕی، شتێك كه بتوانێت بەشی خۆی بە شێوەیەکی ئەکتیڤ و وێرانکەرانە لە نەزمی جێگیردا هەبێت. ئەوە مارکس بوو، کە لە بوونێکی شۆڕشگێڕەوە لە ئەڵمانیا دەستی پێکرد. ئەو مارکسە، دەرگای لەسەر چەند شتێکی جیاواز کردەوە. پێموایە کە لەنێو نەریتی مارکسییدا، بەردەوام ئەو پرسیارەمان هەیە کە بزانین کە کام مارکس لەم مارکسە جیاوازانە، پەیوەندیی بەم شتانە هەیەوە بە شێوەیەکی سەرەکی. ئەمە پەیوەستە بە ساتەکانەوە، بە سەردەمەکانەوە، پەیوەستە بەو خەڵکانەوە و تەنانەت ئەو تێکستانەوە کە بە کاردی دەبەین. ئەو تێکستانەی کە شاراوەن، ئەو تێکستانەی کە قەدەغەیە ڕۆڵێکی گەورە ببینن. لەنێو فەزای پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسادا، بۆ ماوەی سی ساڵ، مافی خوێندنەوەی دەستنووسە ئابوری و فەلسەفییەکانی 1844ی مارکس بوونی نەبوو، ئەم شتە قەدەغە بوو، وەکو تێکستێکی هیگڵی سەیردەکرا. لەڕاستییدا، دەستنووسە فەلسەفی و ئابورییەکانی 1844، کاتێك دەیانخوێنینەوە، ئەو تێکستانەن کە هەوڵدەدەن، مارکسی 1 و مارکسی 2 تێکەڵبکەن، لەکۆتاییشدا، هێنانی ئەم تێکەڵکردنە بۆ نێو مارکسی3، واتە دروستکردنی پرۆتالیتاریایەکی سوبێکتی مێژوویی کە بتوانێت فەلسەفەی مێژوو لە گۆشەنیگای شیکاری سەرمایەداری پێکەوە گرێبدات. هەموو ئەم شتانە بۆ ئەوە بوو بوترێت مارکس سەرچاوەیەکی زۆر مەزن و زۆر سەرنجڕاکێشە تەنانەت لەم لایەنەوە ئاڵۆزەشیەوە بۆ من، پاشان لە بنەمادا ئەو کەسێکە کە هەوڵیداوە تیۆرێکی سوبێکتی شۆڕشگێری بەرهەمبهێنێت لە نێو کۆنتێکستێك کە لەلایەن دیالەکتیکێکی بناغەدارەوە هەژموونی هەبووە، واتە لەنێو کۆنتێکستێکدا کە لەلایەن خۆیەوە شیاو نەبووە بۆ پرسی سوبێکتێکی سیاسیی نوێ. هەروەها چەند شتێك وەکو هەوڵێك لای مارکس خۆیشی بوونی هەیە، کە هەڵگری بەکارهێنانی کەرەستە شیکارییەکان یان دیالێکتییەکانە، بەو شێوەیەی کە ئێمە لە نێو ئابوری یان لە مێژوودایین، بۆ دواجار، بە ڕەچاوکردنی هەموو هەلوومەرجەکان، ئەوانەن کە لەڕاستییدا ئەو لە دڵەوە پەیوەستە پێیوەیان و ئەوانەنن کە دەستور و سەرهەڵدانێکی ئۆرگانیزەکراوی سوبێکتی سیاسی نوێیان لەبەرچاو گرتووە. کاتێك ئاڵتووسەر، دەڵێت کە لە بنەمادا لای مارکس تیۆری سوبێکت بوونی نییە، لەبەرئەوەیە کە لە کاتی خوێندنەوەی کتێبی سەرمایەدا ناتوانین سوبێکت بەدی بکەین. ئەگەر کتێبی ***سەرمایە*** بخوێنینەوە، سوبێکتی سیاسی نوێ بەدی ناکەین، دەزانین مارکس لە سەروەختێکدا لە نووسینەوەی کتێبی ***سەرمایە***دا وەستاوە کە گەیشتبووە چەمکی چینەکان. هێشتا لە سوبێکتی سیاسییەوە دوورین. کەواتە ناتوانین سوبێکتی سیاسی لە کتێبی ***سەرمایە***دا دەربهێنین. بەپێچەوانەوە، دەتوانین ئەمە

لەنێو ڕەگەزەکانی درووستکردنی سوبێکتدا بەکارببەین. سەرنجدەدەم کە مارکس، یەکەم هەوڵە بۆ پرسیارکردنی ئەو شتە لە خۆی کە چۆن ڕاڤەیەکی بناغەدار دەتوانێت خۆی لە گەڵ دیالەکتیکدا تێکەڵبکات، بە شێوەیەك کە ئەم دیالەکتیکە دەستەبەربێت و تیشك بخاتە سەر پرسی سوبێکت. هەر بۆ ئەم شتەیە کە من زۆر هەستیارم، هەروەها ئەوەش بڵێم کە ئەمە کێشەی منیشە: چۆن دەتوانم ماتماتیکێکی هاوکێشەیی و زۆر ورد بەکارببەم، بە شێوەیەك کە لە دواجاردا، ئەم ماتماتیکە بتوانێت پرسیی سوبێکت بەکاربێنێت؟ ئەمە پێشتر هەوڵی مارکس بووە، بە چەند تێبینییەکیشەوە هەروەها هەوڵی فرۆید بووە. بە هەمان شێوە کە لاکان بە باشی پیشانیداوە. هەروەها لای فرۆید ئارەزوو و هەوڵێکی زۆر بەهێزی شیکارییش هەیە، بەکارهێنانی مۆدێلە تێرمۆدینامەکەکان لەپێناو تیشك خستنە سەر ئەو شتەی کە نەستە. ئەمیش پۆزیتیڤیستە، وەکوو مارکس، لەڕاستییدا وەکوو هەموو خەڵکانی سەدەی بیست و یەك، بەڵام لە کۆتایی هەموو ئەنجامەکاندا، ئەو شتەی کە لێی دەرچوو، گۆشەنیگایەکی نوێی سوبێکتی مرۆیی چاکسازی نەکراوە، بە هەمان شێوە کە لاکان دواتر وایکرد لەوە تێبگەین. لەبنەڕەتدا ئێمە لەنێو ئەم کێشەیەن کە دەبێت پاڵ بە شیکارییەکی بناغەدار بنرێت تاوەکو ئەو خاڵەی کە حەقیقەتەکەی پێویستی بەوە هەبێت کە چەند شتێك وەك سوبێکت بوونیان هەبووبێت. بۆیە پێم وایە ئەوەی لای فرۆید و مارکس بەدیی دەکەین، ئەو شتەی کە ئەوان بە شێوەیەکی هاوبەش هەیانە، و پارادۆکسیشە، ئەوەیە کە ئەوان پۆزیتیڤیستینێکن لە گەڕان بەدوای چەمکێکی نوێی سوبێکتدا.

**ـ بەڵام لە شیکاری بناغەدار[9] دا، چۆن دەتوانین وێنای سوبێکت بکەین؟**

**بادیۆ:** بەشێوەیەکی پێویست ئەمە دەبێتە کاتیگۆربی شکان. لای مارکس، ئەمە دەبێتە کاتیگۆربی "شۆڕش"، چونکە شۆڕش ڕووداوێکە نە زەرووره نە نامومکین، بەڵکو ئەگەرێکە. بەڵام بە پێچەوانەی ئەو شتانەی بۆ ئەو باسی دەکەم، مارکس هەرگیز سەرنجی ئەوەی نەدابوو کە ئەم ئەگەرە [ئەگەر و ئیمکانی شۆڕش] حاشاهەڵنەگر بێت، یان بە شێوەیەکی زەرووی پێویست بێت، و ئەم شتە بە تەنیا ڕوویدابێت. ڕەنگە ئەو کاتەکانی خۆی بۆ بنیاتنانی ئەنجوومەنیی نێودەوڵەتیی کرێکاران لە نێو بارودۆخە زۆر ئەستەمەکاندا نەبردبێتەسەر تاوەکو بیر لەم شتە بکاتەوە. لای فرۆید، ئەم ئایدیا ناوازەیە هەیە کە بۆ چارەسەرێکی

---

[9] L'*analyse structurale*

شیکاری دەبێت لە کاتێکی دیاریکراودا ئەوە بکرێت کە سووبێکت لەڕاستییدا سیستمی سەمپتۆمی خۆی بە دامەزراوە دەگۆڕێتەوە. لەم هەوڵە فەلسەفییەی من دا، ئەوە کاتیگۆریی ڕووداوە کە هەموو ئەم شتانە دادەپۆشێت، واتە ئەم پاڵنانەی **دەرەوە**، کە لە ساتێکی شێواو و ئاڵۆزدا ئەم شیکارییە ئاشکرا و بەرجەستە دەکات. بە شێوەیەکی سادە، بۆ تێگەیشتنێکی ڕاستەقینەی شکان، دەبێت شیکاری بهێڵێتەوە، چونکە شکان بریتییە لە شکان و درزی ئەم ستراکچەرەی ئەویٚ، ئەو شیکارییەی ئەویٚ، و ئەم شکانە تایبەتمەندییە تاقانەکانی دەپارێزێت. بە واتایەکی تر، تێگەشتن لەم بەرەنجامانەی شکانە هاوکات پەیوەستە بەوەی ئەو بونیادانە بناسین کە مایەی تێگەیشتن لە پەیوەندییان لە گەڵ ئەوەی کە شکان یان درزیان هەبووە. بڕوام وایە ئەمە ڕێك کێشەکانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕانەشە، چۆن لە نێو هەلومەرجەکانی شۆڕش دا، ئینجا شکان و درزدا، ئاڵۆزی شیکاری یان دیالەکتیکێکی شیکارییەکانی پێشوو بەم حاڵەوە دەپارێزێت؟ چونکە شکانێك بوونی هەیە، بەڵام کێشەکە بەهەمان شێوە مارکس لە کاتی بارۆدخەکانی فەڕەنسا خەریکی توێژینەوە بوو لە سەری، ئەوە بوو کە هیچ شکانێك گشتگیر [total] نییە. شکان بەردەوام بریتییە لە خاڵێك، کە دەتوانێت خۆی زیاد بکات، بەڵام شکان بەردەوام بریتییە لە یەك خاڵ. هەربۆیە لەڕاستییدا، شکان بوونی هەیە، بەڵام ژینگەی ئەم شکانە، گۆشەنیگای ئەم شکانە، لە نێو ئەو شتەی کە ڕاڤە و شیکاری بناغەدار ئاشکرایکردووە بەقەتیسکراوی دەمێنێتەوە .

**ـ کەواتە دەتوانین لە خۆمان بپرسین گەر لۆژیکێك هەبێت کە بەرەو شیکاری سوبێکتی شۆڕشگێڕانە ڕێنوێنیمان بکات، پێناسەکەی لەم دوو چالاکییەوە سەرچاوەدەگرێت کە ڕاڤەکاریی و دیالەکتیك، و هەموو ڕەگەزەکان لە لایەن مارکسەوە لە پێناو ئیشە سیاسییەکەیدا لە یەك کۆدەبنەوە؟**

**بادیۆ:** پێموایە لەڕاستییدا سرووشتی سوبێکت بەشێوەیەکی لاوەکی تەنیا پاش ئەم ڕووداوە ئەزموونکراوە یان کەشفکراوەوە دەبێت. پێم وایە سوبێکت بزاوتێکە و تەنانەت ئاکامەکانی ئەم پچڕانە لە نێو کۆنتێکستێکی ڕۆشنبیری، زەینی بەدەستدێن کە لای مارکس ئابوری، سیاسی و فەلسەفەی مێژوو ئەم ئاکامانەی پێبەخشیووە. ئاکامەکانی پچڕان لەم کۆنتێکستەدا کورت ناکرێتەوە، ئەم ئاکامانە ئەفرێنەرن، چالاکن، لە نێوان ئەم پچڕانانە و ئاکەمەکانیشیدا بەردەوام کۆنتێکستێکی ئۆبژەکتیڤ بوونی هەیە، پەیوەندییەکی زۆر

ئالۆز کە بەناوبانگترین کێشەی نێوان تیۆری و پراکتیکدا بووە لەو سەردەمە باشەی کۆنەی مارکسیستی دا کە لەوە باشتر بوونی نەبووە! تۆ ئەم شتە بەباشی دەزانی!

**ـ ئەمە شتێکی ترە، بابەتێکی ترە!**

**بادیۆ:** زۆر بەباشی ئەوە دەزانم، بەڵام بە هەر حاڵ تۆ ئەمەت بیرت دێت، تیۆری و پراکتیك؟

**ـ بەڵێ، بەڵێ، ئەمەم بیر دێت.**

**بادیۆ:** هەمووان دەزانن کە ئەمە گرفتێکی زۆر گەورە بووە، لە گەڵ ئەمەشدا دەزانین کە تیۆر و پراکتیکیش بوونیان هەبووە، بەدڵنیاییەوە ئەمە کەمێك ئەبستراکتە، بەڵام ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە لەنێو مارکسیزم ـ لینینیزمی ساف و ڕووتەختدا فێری بووین. بەهەرحاڵ، ئەمە گرفت و کێشەیەکی ڕاستەقینەیە، وەك چۆن دەروونشیکاری کێشەیەکی بەرەوپاشی هەیە لە پەیوەندی لەگەڵ چارەسەر و دەرمان و ڕاڤەکردنەکاندا، لەنێوان تیۆری گشتی و نەست دا و هتد. بە ڕای من ئەم شتە زۆر ئاساییە کە ئەم کێشەیە بوونی هەبووە، ئەگەر ئەوەمان پێ قبوڵ بێت کە بزووتنی راستەقینەی هەقیقەت و سووبێکت ـ ئەم دوانە پێکەوە گرێدراون ـ خۆیان لە ناوەوە بەرهەم دەهێننەوە لە لایەن پچڕانێك کە کاریگەری دەکاتە سەر ستراکچەرێك ئەوا ئێمە لەلایەن ئەو کەرەستانەی کە راڤەکاریی و یا / دیالێکێکتین توانای تێگەیشتنی ئەمەمان دەبێت. ئەم ئیمکانی تێگەیشتنە زۆر لەوە زیاترە کە ئێمە لانیکەم لە ڕەهەندی راڤەکاری و ڕەهەندی دیالێکتیکی جیا بکاتەوە. پێم وایە کە ئەمە گرفتێکی زۆر ڕاستەقینەیە کە بووە بە میراتی ئێمە.

**ـ ئەمە بەو واتایە دێت کە هەر دووکیان پێویستە، تیۆری و پراکتیك.**

**بادیۆ:** بەڵێ هەردووکی پێویستە، چەمکی فۆرمبەندیی ـ فۆرمبەندیی ئەزموون، فۆرمی خۆی پێدەبەخشێت ـ رەنگە کەرەستەیەکی زۆر گرنگ بێت، چونکە فۆرمبەندیی شتێکە کە لەنێوان ڕاڤەکاری و دیالەکتیکدا دەستنیشاننناکرێت. دەتوانین وێنای فۆرمبەندییەکی دیالەکتیك بکرێت یان دەتوانرێت وێنای فۆرمبەندییەك بکرێت کە زۆر ڕاڤەکاری بێت. ئەم شتانە دەستنیشانناکرێن، ئەم شتە لێدەگەڕێت زانینی

پرسی ئەم دووانە کراوە بێت، هەروەها لێدەگەڕێت کە لە شەڕی نێوان ئەم دوانە دووربکەوینە کە شەڕی نێوانیان بەردەوام شتێکی ناسراو بووە. ئەمانە ئامانجە زۆر راستەقینەکانی فەلسەفەن. ئەوەی کە من لە هەوڵیدام بیکەم، پیشاندانی ئەوەیە کە لە راستیدا دەتوانین ئەمە بۆ چارەسەکردنی کێشە دیارەکان بە کار ببەین، بۆ ئەو دژیەکییە ئاشکرایانەی نێوان بیرکردنەوەیەکی ڕاڤەکاریی و بیرکردنەوەیەکیی دیالەکتیکی، لەو کاتەوەی کە ئێمە لە نێو بزاوتی ڕیاڵدا بین. پرسیاری سەرەکیی زانینی ئەوەیە کە چۆن فۆرمبەندیی بزاوتی ڕیاڵ دەکەین، چ فۆرمێکی پێدەبەخشین. چەمکیی فۆرم چەمێکیکە لە نێو خۆیدا، نە دیالەکتیکە نە ڕاڤەکاری، دەتوانێت هەڵگری هەردووکیان بێت بە پێی هەر بابەتێك. ئەمە زۆر ئاڵۆزە، بەڵام بۆ من، لە فەلسەفەی مندا، لە گەڕانم بە دوای ئەوە چەند کەرەستەیەکی تەواوکەر سەبارەت بە جووڵەکانی ریاڵ پێی ببەخشم، ئەو جووڵانەی کە کراوەن بەرەو ناکۆتا، ئەو ئەگەرە جیاوازانەی کە بەرەو ناکۆتا دەچن، بۆ ئەوەی نەکەومە نێو شەڕی نێوان ڕاڤەکاری و دیالەکتیك، کە شەڕێکی ناوەکییە بەرانبەر بە مارکسیزم، لەنێوان ئەو کەسانەی کە وا بیردەکەنەوە ئەولەویەت ئابورییە ـ کە هەموو ئەمانەش بۆ دواجار پەیوەستە بە ڕاڤەی ئابورییەوە ـ و ئەوانەش وا بیریاندەکردەوە کە ئەولەوییەت بریتییە لە ئەکتیی سیاسی و چالاکی شۆرشگێڕانە. ئەم ململانێیانەی نێوان چەپی چالاك و ڕاسترەوی ئابوری گەرا لەڕاستییدا برینێکی مارکسیزمی مێژوویی بوو. هەروەها ئەم ململانێیانە برینی گۆڕانی دەروونشیکارییە، لە نێوان ئەو کەسانەی کە سەرنجیان لە سەر ئەوەیە بووە کە ئەمە لە بنەمادا پزیشکی ئۆبێکتیڤ[10] بووە و لەنێوان ئەو کەسانەدا کە بە پێچەوانەوە بە تەواوەتیی لە دیویی تیۆری سوبێکتەوە ئەم شتەیان دۆشیووە. من دەمەوێت تێپەڕم بە سەر ئەمەدا. من وا دەزانم ڕەنگە واتایەکیی زۆر روونی ئامانجە کۆنکرێتییەکانی فەلسەفییەکان هەر خۆیانن، واتە پیشاندانی ئەوەی کە سووبێکت تەنیا لەنێو جووڵەی ڕیاڵدا دێتە پێشچاو، ئینجا ئەم جووڵەی ڕیاڵە لەلایەن پچڕانێکی ناوەکیی هەندێك لەو بونیادانەوە زاڵدەبێت، لە هەندێك جۆری دەستنیشاکراوی ڕاڤەکاری. بۆ تیشکخستنە سەر ئەم جووڵەیە، بۆ ئەوەی فۆرمالیزە بکرێت، دەتوانین بە جارێك ڕێگەوشوێنی شیکاریی دیالەکتیك بەکاربێنین ـ لە لایەن نێگەتیڤەوە بۆ ڕەخنە لە دژیەکییەکان ـ هەروەها رەگەزەکانیی راڤەکاریی ـ لە لایەن ستراکەچەری رەگەزە هەژوومەندارەکانی ستراکچەرەوە ـ بە بەکارهێنانی ئەو کاتیۆگۆرییانەی کە زیاتر دەکەونە دیوە جیاوازەکانیی فۆرمالیزاسیۆن.

---

[10] مەبەست ئەوە نەخۆشییانەیە کە پزیشك تەنیا دەیبەستێتەوە بۆ ژینگە و کۆمەڵێك هۆکاری ئاشکرا و ڕەچاوی لایەنیی دەروونی ناکات.

**ـ مارکس مرۆڤێکی سیاسی بوو یان شۆڕشگێڕ؟ ئایا زەروورەتێکی سیاسی هەیە کە لە نێو ئیشە دیالێکتیکی و ڕاڤەکارییەی بەدی بکرێت؟**

**بادیۆ:** بەدڵنیاییەوە، کاتێك دەیخوێنینەوە، چەند نموونەیەکمان پێدەدات.

**ـ ئەو نمونانەی کە بەڵگەن لە سەر مارکسێکی شۆڕشگێڕ؟**

**بادیۆ:** پێم وایە بەڵێ.

**ـ ئایا لێرەدا ئەزموونی «ئایدیای کۆمۆنیستی» تۆ بەدی دەکەین؟**

**بادیۆ:** بەڵام ئایدیای کۆمۆنیست، ئایدیایەکە نە راڤەکارییە نە دیالەکێتیك بە واتای تەواوی وشەکە. ئەم ئایدیایە بۆ نموونە نوسخەیەکی دیالەکتیکیی هەیە ئەگەر سەرنجی مارکس بدرێت لە مانیفێستدا.

**ـ ئایا پچڕانێك لە نێوان ئیشی دیالەکتیك و ڕاڤەکاریی و ئایدیای کۆمۆنیستدا بوونی هەیە؟ خاڵی پەیوەندیی نێوانیان چییە؟**

**بادیۆ:** بۆ من ئایدیای کۆمۆنیست خۆی نمونەی ئایدیایەکە کە بەکارهێنانەکەی بەکارهێنانی فۆرمالیزاسیۆنی جووڵەی ڕیاڵە. ئایدیایەکە دەرفەتی هەڵسەنگاندنی بەهای سیاسی لەنێو بارۆدۆخە کۆنکرێتەکان و یان جووڵەی ڕیاڵ و زانینی ئەوەی ئاراستەی گشتی هاوتەریبی ئەم ئایدیایە یا نە دەڕەخسێنێت. بەو واتایە، ئەمە نۆرمێکە، کە نە دیالێکتیکە نە ڕاڤەکاری. ئایدیایەکی دیالەکتیکە ئەگەر کۆمۆنیسم لە دیوی فەلەسەفەی مێژوو دابماڵێن، کاتێك دەوترێت کۆمۆنیزم ئامانجێکی حاشاهەڵنەگرە، یەکلاییبوونی حاشاهەڵنەگری بزاوتی مێژوو هەر لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکانەوە تاوەکو ئەم سەردەمە، وەکو کاتیگۆرییەکی فەلسەفەی مێژوو هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت. ئەگەریش بڵێین کە کۆمۆنیزم ئەنجامێکی زەرووره، پۆزەتیڤ و ئەفراندنێکی قۆناغ بە قۆناغە لە لایەن خۆدی سەرمایەدارییەوە، و ئەمە دەبێتە کۆمۆنیزم یان بەربەری، واتە نەهامەتییەکە بۆ ژیانی مرۆڤایەتیی و یان کۆمۆنیزم، و ئەوا ڕەگەزێکی ڕاڤەکاریتان لە کۆمۆنیزم نزیککردووەتەوە. واتە ئێوە ئەمەتان بەستووەتەوە بە قەیرانەکانی سەرمایەوە. لەم گۆشەنیگایەوە، کۆمۆنیزم شتیکە کە یارمەتیی فۆرمالیزەی جووڵەی ڕیاڵ دەدات، واتە جووڵەی ڕیاڵ

زیاتر دەکەوێتە نێو ئاراستەی ئەم ئایدیایەی کۆمۆنیستەوە. ناچار نین کە لە نێوان ڕاڤەکاری و دیالەکتیك دا هەڵبژاردن بکەین، ئەمەیە بەرژوەندییەکەیە. پێموایە کە ئەم ئایدیایەکیی فۆرمەلە بە دوو واتاوە، بەوەی کە ئەم ئایدیایە یارمەتیی دەستنیشانکردنی فۆرمی گشتی بزاوتێکی سیاسی دەدات کە هەبێت، و بە ماناکەی تری هاوکات ئەم ئایدیایە نۆرماتیڤ و بەهادارە. ئەمە واتای ئەوە دەدات کە ئەم ئایدیایە یارمەتیی هەڵسەنگاندن، و بەهابەخشین بە هەندێك بارودۆخ دەدات لە پەیوەندییان لە گەڵ ئەوانی تردا، و یا بەهابەخشین بە هەندێك هەوڵ لە نێو بارودۆخەکاندا لە پەیوەندییان لە هەوڵەکانی تردا. ئنجا مارکس ئایدیای کۆمۆنیسمی لە نێو ئەو دەقانەی بەکارهێناوە کە زۆر لێکدراون [ڕاڤەکاری و دیالەکتیك] ئەوانەی کە لەوێدا فۆرمالیزاسیۆن لە کاردایە، یان ئەوانەی کە شیکاریی بارۆدۆخە سیاسییە کۆنکرێتەکان دەکات: کۆمۆنی پاریس، خەباتیی چینایەتیی لە فرەنسا، دوا قۆناغەکانیی خەباتیی سیاسی لە رووسیا. کاتێك ئەمە دەخوێنینەوە، بە باشی ئەوە بەدی دەکەین کە ئەمە نە بە واتای کتێبەکانیی فەلسەفەی مێژوو دێت، نە شیکاریی ئابووری، بەڵکوو فۆمالیزاسیۆنی بزاوتێکی ریاڵە کە وا دەکات لەو شتانە تێبگەین کە روویداوە، لە کۆتاییشدا ئەو هێزی شیکاریی و داوەرییە پیشان دەدات کە ئایدیای کۆمۆنیست دەتوانێت بەکاری ببات.

**ـ کەواتە ئەمە فۆرمەبەندییە پاش کەوتنەوەی ڕووداوێك؟ ئایا ئایدیای کۆمۆنیست فۆرمبەندیی بزاوتی کۆمەڵایەتییە؟**

**بادیۆ:** نەخێر، کاتێك ئێوە دێنە نێو گۆڕەپانیی کردەییەوە، کاتێك ئێوە بزاوتێکی ڕیاڵتان هەیە، ئەوا ئێوە بە بەردەوامی خەریکی فۆرمبەندیی دەبن، ئەوا خەریکی نواندنەوەی ئەم بزواتی ریاڵە دەبن، ئەمە هەنگاوی پاش ئەم رووداوانە نییە. خەڵکانی نێو ئەنجوومەنیی نێودەڵەوتیی کرێکارانی مارکس لە نێو کۆمۆنی پاریس دا حوزروریان هەبوو. دەقی کۆمۆنۆنی پاریس لە لایەن مارکسەوە هەر لە ماوەی کۆمۆنی پاریس دا نووسراوە ـ یادداشتەکانی ئەوەمان هەیە ـ مارکس پاش رووداوەکەوە نەینووسیووە. بەڵام رۆژ لە دوای رۆژ مارکس هەوڵی داوە کە فۆرم بەم شتە ببەخشێت، بۆ تێگەشتن لە ئەو شتانەی کە روویانداوە، بۆ زانین و تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان ئەوەی روویداوە لە گەڵ ئایدیای کۆمۆنیست دا. ئەمە بە واتای هاوچەرخی ئەم رووداوانە دێت. ئەو ئەکتەری ئەم شتانە بووە و لە هەمانکاتیشدا نەبووە چونکە ئەوەی کە

ئەو لە پاریس نەبووە بەو مانایە نایەت کە ئەکتەرێکی زەینی نەبووە. ئەو ریك بە وردی تاکێکی بەرپرسیار بووە لە نێو ئەم بابەتەدا.

**ـ کەواتە ئایدیای کۆمۆنیست لە ئەنجامی ئەکت و تێڕامان لە سەر ئەکت سەرچاوە دەگرێت؟**

**بادیۆ:** بەڵام لە سیاسەت دا ئەکت و تێڕامان لە سەر ئەکت بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر هاوچارخەن. پاشان ئێوە دەبێت بڕیار بدەن لە سەر ئەو شتانەی کە سبەی دەیکەن، بەشێوەیەك کە دەبێت فۆرمێکتان هەبێت، کە فۆرم ببەخشن بەو شتەی کە ئەمڕۆ روویداوە.

**ـ کەواتە ئایدیای کۆمۆنیست ئایدیایەکی نۆرماتیڤ نییە کە لە دەرەوە جێبەجێ کرا بێت؟**

**بادیۆ:** نەخێر، هەرگیز، ئەمە ئایدیایەکی ناوەکییە لە سەر شت و دەتوانێت بە شێوەیەکی دیالەکتیکی شوێنەکەی بەرەو ئاسۆیەکی مێژوویی بگۆڕێت و یان بە پێچەوانەوە بە شێوەیەکی راڤەکاریی لە نێو هەلوومەرجێکی زۆر خێرا و کۆنکرێت خۆی بەرتەسك بکات. ئایدیای کۆمۆنێست توانایەکیی دوو لایەنی هەیە، هەربۆیە ئەمەیە کە ئەم توانا دوولایەنە بە سوودە و لە واقعیشدا ئایدیایەکی سیاسییە. ئەمە بە شێوەیەکی سادە ئایدیایەکی ئایدۆلۆژی یان دەوڵەتیی/حاڵەتی نییە. ئەم شتە بە باشی لە نێو دەقەکانی مارکس دا بەدیدەکەین.

**ـ ئەی ئەمە ئایدیایەکی فەلسەفیی نییە؟**

**بادیۆ:** ئایدیایەکی فەلسەفییە لەو کاتەی کە پرسیاری ئەوە لە خۆمان بکەین کە فەلسەفە دەتوانێت لە سەر سیاسەتەکانی مۆدێرن قسە بکات. کاتیۆگۆری "کۆمۆنیزم" وەکوو ئایدیایەکی فەلسەفی ئامادەدەکرێت، وەکوو ئەوەی کە لای مارکس هەبووە، بۆ دەستنیشانکردنی ئەو شتەی کە لە نێو سیاسەتە هاوچەرخەکاندایە، و بەرانبەر بە هەبوونی بەهایەکی جیهانی زۆر هەستیارە لە بەسوبێکتکردندا. بۆ من فەلسەفە ئەوەندە گرنگی بە موتلەق دەدا بە واقیعی نادات. ئەو شتەی کە هەرگیز نەمتوانیوە لێی تێبگەم ئەو فەلسەفانە بووە کە کاتیگۆری موتلەقیان هەڵوەشاندووەتەوە، چونکە بەردەوام وا بیرم کردووەتەوە کە ئەمە ڕاست نییە، بە شێوەیەکی نهێنی، ئەم فەلسەفانە لەڕاستییدا شێوەی موتلەقی ناوەکی ئەم

هەڵوەشاندنەوەی خۆیان پاراستووە. کەواتە ئەو شتەی کە دەبێتە مایەی گرنگی و سەرنجڕاکێشی لای فەلسەفە ئەو کاتەیە کە ئەو نمونەی سیاسی دەدات بە دەستەوە ـ "کۆمۆنیزم " یەکێکە لە ئەگەرەکانی ئەم ناوانە بەڵام هەر ئەمە بە تەنیا نییە ـ بە شێوەیەکی وردتر هەموو ئەو شتەیە کە لە نێو سیاسەتێکدایە پەیوەست بە ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی بەتەواوەتی، هەروەها ئیمکانی هەندێك ژیانی دەستەجەمعی کە بەهایەکی جیهانیی هەبێت. ئەوەی ئاشکرا بێت، ئەوەیە کە سەرمایەداری ناتوانێت ئەم بانگەشەیەی هەبێت.

**ـ ئایا ئایدیای کۆمۆنیستی وەسفی کۆمۆنیست دەکات؟ ئەگەر ئایدیای کۆمۆنیست شتێك بێت کە لە دایك بووە و دوای پرۆسەی سیاسی دەکەوێت، ئایدیایەکی سیاسییە کە بەستراوەتەوە بە پرۆسەی سیاسییەوە. ئایا ئەم ئایدیایە چەند لایەنێك یان بەشێکی نۆرماتیڤی هەیە، ئەمە شیاوە بۆ پرۆسەکە؟**

**بادیۆ:** لە گەڵ ئەمەشدا دەبێت کە وەك پرۆسەیەکی فۆرمبەندیی لەم شتە بڕوانین، ئەم ئایدیایە تەنیا لە نێو رەگەزەکانی جێبەجێکردنێکی راڤەکاریی و دیالێکتیك دا بە دەستەوە دێت. ئەگەر ئەم ئایدیایە دوورەپەرێز بکرێت، ئەگەر لەو مەتریاڵە ڕاڤەکاریی و دیالەکتیکییانە جیابکرێتەوە کە لەلایەن بارودۆخە سودبەخشەکاندا خراوەتە روو، ئەوا ناتوانێت ببێتە جۆرە ئاسۆیەکیی مێژوویی نادیار. لە ساتێکی وەهادا، ئەم ئایدیایە لە لایەن فەلسەفەی مێژووییەوە قووت دەدرێت. زۆرجار هیچ پێویستییەك نییە جگە لە بوونی ئەم وشەیە. لەنێو شیکارییەکانی مارکس دا، وشەی کۆمۆنیزم رۆڵێکی کردەیی یەکلاکەرەوە نابینێت، بە شێوەیەکی سادە خاڵێکە کە دەتوانرێت کۆبکرێتەوە و بە شێوەیەکیی هاوکات کەرەستەکانیی راڤەکاریی کاریگەری بکاتە سەر بارودۆخیی بەرهەمهێنان، چین و توێژەکان و هتد، هەروەها کەرەستەکانیی دیالێکتیك ئەوە پیشان دەدات کە چۆن نێگەتیڤیتێ کاریگەری دەکاتە سەر هەموو ئەمانە، چون کاریگەری دەخاتە سەر دژیەکەکان. لە لایەکیی ترەوە سوود و هێزی وشەی "کۆمۆنیزم" ئەوەیە کە بە شێوەیەکی ئاشکرا و بە شێوەیکی بەرپرسیارانە ئەوە دەخاتەڕوو کە بڕوابوون بە دامەزراوەیەك کە بە شێوەیەکی رەها جیاواز بێت مومکینە. ئەم خاڵێکی سەرەکییە، هەر لە بەر ئەمەیە کە وشەی کۆمۆنیزم دەبێتەوە بە شتێکی گرنگ، چونکە بڕوابوون بەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی تر لە باتی ئەو دامەزراوەی کە ئەمرۆ هەژموونی هەیە و حکومدەکات بە شتێکی مومکین.

سەرچاوە:

**Alain Badiou, entretien avec peter Engelmann, QUEL COMMUNISME ? Paru le 26 mars 2015, éd. Bayard.**